Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆڵی میدیاکاران لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی میدیای کوردی لەدەڤەری بادینانادا (توێژینەوەیەکە لەنێوان ١٩٥٠ – ١٩٩١)

**سامان جلال مەولود**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی میدیاکاران لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی میدیای کوردی لەدەڤەری بادیناندا ١٩٥٠ – ١٩٩١)، کە تیشک دەخاتەسەر ژمارەیەک کێشە، لەوانە لاوازی و کەمی بڵاوکراوە کوردییەکان لە دەڤەری بادینان بەبەراورد بە شارەکانی دەرەوەی بادینان، کە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە میدیاکارانی دەڤەری بادینان لە شارو شارۆچکەکانی دەرەوەی بادینان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە، بەڵام بەهەر هۆکارێک بوبێت، کەمتر لە نێو بادینان ئامادەییان هەبوە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ میدیاکاران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی میدیایە، هەروەها بەدروستی زانین و تێگەیشتنە لە ئاستی میدیای کوردی لەبادینان و دۆزینەوەی خاڵە شاراوەو نادیارەکان. لەدیارترین ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێگەیشتوین:- زانینی هۆکارەکانی کەمی بڵاوکراوە کوردییەکان لە دەڤەری بادینانە، هەروەها زانینی ڕۆڵی میدیاکارانی بادینان لەشارەکانی تری کوردستان و لە شاری بەغدا لەگەشەکردنی میدیای کوردییە. جگە لەمانە، زانینی ڕۆڵی میدیاکارانی بادینان لەگەشەپێدانی کاری میدیایی لە دەڤەری بادینانە.

**کلیلە وشەکان:** میدیای کوردی، میدیاکارانی بادینان، بادینان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

**Received:** 01-June-2022

**Accepted:** 06-July-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author E-mail:**

Saman.mawlood@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## پێشەکی:

میدیای کوردی لە دەڤەری بادینان، هاوشـــێوەی شـــارەکانی تری باشـــوری کوردســـتان، بەهەمان قۆناغی ڕۆژنامەوانیدا تێپەڕیوە. بەشـێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکان بە ئاشکرا بڵاوکراونەتەوەو بەشـێکیان لە ئەشکەوت و شاخەکان و لەدێهات و بەنهێنی لە نێو ماڵەکاندا، دەرچون.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشـــانی:- (ڕۆڵی میدیاکاران لە ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردنی میدیای کوردی لەدەڤەری بـادینـانـدا)، توێژینەوەیەکە لەنێوان ١٩٥٠ - ١٩٩١. لە بەشـــەکـانی ئەم توێژینەوەیەدا بـاس لە جیـاوازی بڵاوکراوەکانی دەڤەری بادینان لەڕوی چەندایەتییەوە کراوە، کەوا پەیوەندی بەزۆر هۆکار هەیە. ڕۆژنامەنوسان و ئەدیبەکانی دەڤەری بادینان، لە شـــارو شـــارۆچکەکانی باشـــوری کوردســـتان و لە عێراق، بەشـــدارییان لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی و عەرەبی کردوە، هەروەها ڕۆڵییان لە بەڕێوەبردنی کەناڵە ڕادیۆییە کوردییەکان هەبوە، بەڵام بەدەگمەن ڕویداوە، ئەدیب و ڕۆژنامەنوســـانی کورد لە شـــارو شـــارۆچکەکانی تری باشـــوری کوردســـتان بچنە دەڤەری بادینان و بەشـــداری لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیدا بکەن، یاخود کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی دابمەزرێنن.

هۆکـارێکی تر پەیوەنـدی بەهەڵکەوتەی جوگرافیـاوە هەبوە، کە زۆرێـک لە ڕۆژنـامە و گۆڤـارو بڵاوکراوەکـانی سـنوری دەڤەری بادینان، بەر لەدەرکەوتنی چاپخانە لەدهۆک و دەوروبەری، لەشـاری موسـڵ چاپکراون، هەر بۆیە زۆرێـک لە بڵاوکراوەکـان بە زمـانی عەرەبی بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا زمـانی کوردی نەوەک هەر لە بڵاوکراوەکانی بادینان، بەڵکو لە هەندێک لە بڵاوکراوەکانی شاری موسڵ دەرکەوتوەو هەبوە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتوە، بەشـــی یەکەم:- چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوە. بەشـــی دوەم:- میدیای کوردی لە دەڤەری بادینان لەقۆناغی ئاشـــکرایدا (١٩٥٠-١٩٩١). بەشـــی ســـێیەم:- میدیای کوردی لە دەڤەری بادینان لەقۆناغی نهێنیدا. بەشـــی چوارەم:- ڕۆڵی میدیاکاران لە ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردنی میدیای کوردی لە دەرەوەی دەڤەری بادیناندا لەنێوان ١٩٥٠ - ١٩٩١، کە شەش تەوەر دەگرێتەوە.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوە

### کێشەی لێکۆڵینەوە:

١- تێنەگەیشتن لەهۆکاری کەمی ژمارەی چاپەمەنییەکان، بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دەڤەری بادینان.

٢- کێشەی درەنگ سەرهەڵدانی میدیای کوردییە لەدەڤەری بادینان، کاتێک بەراورد بەشارەکانی تری باشوری کوردستان دەکرێت.

٣- هۆکاری درەنگ گەیشتنی چاپخانەیە بۆ دەڤەری بادینان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

٤- کێشـەی دەرکەوتن و ڕۆڵی میدیاکارانی دەڤەری بادینانە، لەدەرەوەی دەڤەری بادینان، واتە دەرکەوتنیان لە شارەکانی تری باشوری کوردستان و شارەکانی عێراقە، کە بۆچی لەوکاتانەدا لە نێو دەڤەری بادینان نەبون.

## گرنگی ئەم توێژینەوەیە:

گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە، گرنگیدانە بەڕۆڵی میدیا لە دەڤەری بادینان، تاوەکو زیاتر بتواندرێت میدیا لەم دەڤەرە فراوانترو پڕ وزەتربێت، هەم لەڕوی چەنـدێتی و هەم لەڕوی چۆنـایەتیەوە. هەروەهـا بۆ نـاوەنـدە ئەکادیمییەکان و میدیاکاران و ڕۆژنامەنوســانی بادینان و هەرێمی کوردســتان گرنگە کە بەو ڕاســتیانە بگەن، تاوەکو لەوێوە کار بۆ گەشەو بەرەوپێشچونی میدیاو میدیاکارانی کورد لە دەڤەری بادینان بکرێت.

گرنگی میدیایی ئەم توێژینەوەیە، بۆ ڕاســتکردنەوەی هەڵە مێژویی و تێڕوانینە مێژوییەکانە، بەتایبەتی لەبواری میدیای کوردی. هەروەها بۆ دامەزراندن و بونیادنانی میدیای کوردیە بەگشتی و میدیای بادینانە بەتایبەتی.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژیەوەیە، گەیشـــتنە بەهۆکارەکانی کەمی بڵاوکراوە کوردییەکان لەدەڤەری بادینان، هەروەها دۆزینەوەی ڕاســتی و دروســتی هۆکارەکانی کەمی کەناڵەکانی میدیایە لەدەڤەری بادینان و دەرکەوتن و ڕۆڵی میدیاکارانی بادینان لەشارەکانی تری کوردستان و لەشاری بەغدا.

## سنوری لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕوی جوگرافیاوە، ســـنوری هەرێمی و کوردســـتان و عێراق و هەروەها دەڤەری بادینان دەگرێتەوە، کە دەڤەری بادینان، شــاری دهۆک و حەوت قەزا دەگرێتەوە: (زاخۆ، باتیفا، سـمێل، ئامێدی، ئاکرێ، بەردەرەش، شێخان). هەروەها لەڕوی کاتەوە، ئەم توێژینەوەیە نێوان ساڵی ١٩٥٠-١٩٩١ دەگرێتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕێبازی وەسفی بۆ گەیشتن بەزانیارییە زانستی و مێژویی و ئەکادیمییەکان بەکارهاتوە. واتە بە پشت بەستن بەزانیارییە مێژوییەکان، وەسفی قۆناغەکانی میدیا لەبادینان و جوڵەو هەنگاوەکانی میدیاکارانی بادینان لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق کراوە. وەسفی وزەو هێزو توانای میدیایی، میدیاکارانی بادینان لەمێژوی میدیای کوردی بەوردی کراوە. وەســفی چۆنێتی بەشــداری و ڕۆڵی میدیاکارانی بادینـان لە نـاوچەکانی دەرەوەی دەڤەری بـادینـان لەمیدیـادا کراوە، هەم لەمیـدیـای کوردی و هەم لەمیدیای عێراقیدا.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەســـتکردن بەکەمی بڵاوکراوە کوردییەکـان و کەنـاڵە میـدیـاییە کوردییەکـان لە دەڤەری بـادینـان لەڕوی چەنـدێتیەوە، بەدرککردن بەهەبونی ئەدیب و میـدیـاکـارێکی زۆری بـادینـان، کە لە دەرەوەی دەڤەری بـادینـان ڕۆڵیان هەبوە، کە گرنگە وەرگری کوردی و ڕۆژنامەنوســـان و ناوەندە ئەکادیمییەکان، لەڕێگەی وردەکاری و دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەو ڕاستیانە ئاگاداربن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## ئاستەنگییەکانی توێژینەوە:


١- کەمی سەرچاوە لەبواری میدیای کوردی لە دەڤەری بادینان، بەزمانی کوردی و بەزمانەکانی تر.

٢- نەبونی هیچ سەرچاوەیەکی دیاریکراو لەو ڕوبەرەو لەو گۆشەیەی کەوا توێژەر ویستویەتی کاری لەسەربکات.

## بەشی دوەم: میدیای کوردی لە دەڤەری بادینان لەقۆناغی ئاشکرایدا (١٩٥٠ - ١٩٩١)

لە قۆناغی ئاشکرادا، بەو واتایەی ئەو بڵاوکراوانەی لەنێو شارو شارۆچکەکانی دەڤەری بادینان بەئاشکرا دەرچون، نە نهێنی بونەو نە لەشاخ دەرچون، بۆیە بە ئاشکرایی لە دەڤەری بادینان ژمارەیەک بڵاوکراوە دەرچون، ئەگەرچی هەندێکیان لەلایەن میدیاکارانی عێراق بونە کە خەڵکی دەرەوەی دەڤەری بادینان بون. لە قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی کوردی لەدەڤەری بادینان، ئەگەرچی لەڕوی چەندێتیەوە ژمارەیەکی کەم دەرچونە، بەڵام ژمارەیەک بڵاوکراوە بونیان و ڕۆڵیان لەمیدیای دەڤەری بادینان هەبوە. لێرەدا ئەو کەناڵ و بڵاوکراوانە دەخرێنەرو، کەوا بەئاشکرا لە سنوری دەڤەری بادینان دەرچون.

### ڕۆژنامەی "ئاکرێ"


ئاکرێ
ژمارە : ( ١ ) ڕۆژ : ١٩٥٠/٧/١٥

وەک یەکەمین بڵاوکراوەی ئاشکرای دەڤەری بادینان، کە بڵاوکراوەیەکی هەفتانە بوە، لەقەزای ئاکرێ، لەلایەن شاکر فەتاح[i] سەرپەرشتی کراوەو بڵاوکراوەتەوە، کە ئەوکاتە مامۆستا شاکر فەتاح قائیمقامی ئاکرێ بوە. ژمارە (١)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕێکەوتی ١٩٥٠/٧/١٥ بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەی "ئاکرێ" لەژمارەکانی سەرەتادا بەزمانی عەرەبی بوەو پاشان بەزمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە، لەشێوەی بڵاوکراوەی دیواری بوەو ئاراستەیەکی ڕۆشنبیری هەبوەو تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچوە. دواهەمین ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕێکەوتی ١٩٥٠/٩/١٥ بڵاوکراوەتەوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠٠٠، ل١٠٩).

### بڵاوکراوەی "الغد"

لە ساڵی ١٩٥٨ بەزمانی عەرەبی لە قوتابخانەی ئامادەیی دهۆک بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە ئاراستەیەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری هەبوەو تەنها دو ژمارەی لێ دەرچوە. دواهەمین ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٩٥٨ دەرچوەو دواتر وەستاوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠٠٠، ل١٠٩).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## بڵاوکراوەی "الثقافة"


لە ســـــاڵی ١٩٦٢ بەزمانی عەرەبی لە قوتابخانەیەکی کوڕان لەئاکرێ دەرچووەو لە چاپخانەی (الجمهورية) لە موسل چاپکراوە. ئەم بڵاوکراوەیە ئاراستەیەکی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی هەبوە. دواهەمین ژمارەی لەبەهاری ساڵی ١٩٦٤ دەرچوە.

## گۆڤاری "هێڤی"




ئەم گۆڤارە لە قۆناغی دوای پێکهاتنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەرچوە. یەکەمین ژمارەی لەســـــاڵی ١٩٧١ بەزمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن لقی دهۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بەسەرپەرشتی ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ، ســـــەید ســـــدقی تاهر کەلێتانی، تەمەر ڕێکانی، کەمال مەلکی، کامیران محەمەد ئەمین بامەڕنی، سـەعید عەلی ئیتیتی، خەلیل ئیبراهیم عیسا، داود قادر، بوە. گۆڤاری "هێڤی"، بەشـێوەی دەسـتنوس و بەئامێری چاپ لە دهۆک بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە مانگانە بوەو ئاراسـتەیەکی ڕۆشـنبیری گشـتی هەبوەو تەنها حەوت ژمارەی لێ دەرچوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠١٢، ل١٩-٢٠)، (حەمە ساڵح فەرهادی، ١٩٨٨، ل٨٩).

## گۆڤاری "چیا"







گۆڤاری "چیا"، ژمارە (١)ی لە شـــــاری هەولێر دەرچووەو ژمارە (٢)ی لە شـــــاری دهۆک بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن د. بەدرخان ســـــندی ژمارە (١)ی لە چاپخانەی کەرکوک و ژمارە (٢)ی لە چاپخانەی دهۆک،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

چـاپ و بڵاوكراوەتەوە. گۆڤـاری "چیـا"، گۆڤـارێكی ئەدەبی و ڕۆشـــنبیری بوەو تەنهـا دو ژمـارەی لێ بڵاوكراوەتەوە. (حەمە ساڵح فەرهادی، ١٩٨٨، ل٥٣).

## گۆڤاری "رەوشەن"




لە ئازاری ١٩٧٢ بەزمانی كوردی و عەرەبی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك، چاپ و بڵاوكراوەتەوە. ئەم گۆڤارە بەسـەرپەرشـتی:- هاشـم تەها عەقراوی، عەبدولسـەمەد ئەحمەد دۆسكی، وەجیە بالتە، ڕافع عادل ئەسعەد، دەرچوە. گۆڤاری "رەوشەن"، ئاراستەیەكی پەروەردەیی هەبوەو تەنها یەك ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

## گۆڤاری "چرایێ گەش"

لە هاوینی ١٩٧٣ بەزمانی و كوردی و عەرەبی لەلایەن لقی دهۆكی یەكێتی قوتابیانی كوردسـتان، دەرچوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن ئەحمەد خەلیل بامەڕنی نەخشەكێشانی بۆ كراوەو لە دهۆك بە ئامێری چاپ، تایپكراوە. گۆڤاری "چرایێ گەش"، ئاراستەیەكی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتی هەبوە، تەنها دو ژمارەی لێ دەرچوەو دواهەمین ژمارەی لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ بڵاوكراوەتەوە.

## بڵاوكراوەی "لاوان"




بڵاوكراوەی "لاوان"، لە نیسـانی سـاڵی ١٩٧٥ بەزمانی كوردی و عەرەبی لەلایەن لیژنەی ڕۆشـــنبیری لە بەڕێوەبەرایەتی لاوانی دهۆك دەرچوە. سـەرنوسـەری ئەم بڵاوكراوەیە، حازم نەشـئەت بوەو بە ئامێری چاپ تایپكراوەو بەرۆنیۆو سـتێنسـڵ لەشـاری دهۆك ڕاكێشـراوە. ئەم بڵاوكراوەیە ئاراسـتەیەكی ڕۆشـنبیری گشـتی هەبوەو تەنها دوانزە ژمارەی لێ چاپ و بڵاوكراوەتەوە. (ئیسماعیل تەنیا، ٢٠١٣، ل١٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## گۆڤاری "الشموع"

گۆڤاری "الشموع"، لە ساڵی ١٩٧٦ بەزمانی عەرەبی لەلایەن خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لەشاری دهۆک، بەسەرپەرشتی مامۆستا عامر باهر الحيالي [ii]، بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە ناوەڕۆکێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری هەبووە تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠٠٠، ل١١١).

## بڵاوکراوەی "الغد المشرق"





بڵاوکراوەی "الغد الشرق"، لەپایزی ساڵی ١٩٧٨ بەزمانی عەرەبی لەلایەن لیژنەی ڕاگەیاندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای دهۆک بەسەرپەرشتی حکمت سليمان الطعان، بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە ئاراستەیەکی هۆشیاری و پەروەردەیی هەبووە دەوری بووە تەنها نۆ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠١٢، ل٢٥).


## گۆڤاری "پەیڤ"



گۆڤاری "پەیڤ"، لە ئازاری ساڵی ١٩٨٠ بەزمانی کوردی، لەلایەن لقی دهۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد بڵاوکراوەتەوە، لەبەرئەوەی مۆڵەتی پێنەدراوە بۆیە لەسەری نوسراوە بەرهەڤکرنا ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ. ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوەو ناوەڕۆکێکی ئەدەبی هەبووەو تەنها یەک ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. (ئیسماعیل تەنیا، ٢٠١٣، ل٨٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

**گۆڤاری "دەنگێ مە"**



لەهاوینی ساڵی ١٩٨٥ بەزمانی کوردی لەلایەن:- (کەریم جەمیل بیانی[iii]، عەبدوڵلا جوندی، سەگڤان یوسفی، کامیران بەرواری، سامی سلێمان، ئیسماعیل بادی، مەسعود بۆتانی، د.فازیل عومەر، هزرڤان)، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. گۆڤاری "دەنگێ مە"، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوە. تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچوەو دواهەمین ژمارەی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری "اثرا" (الوطن)**



گۆڤاری "اثرا"، لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٨٦ بەزمانی عەرەبی و سریانی بەسەرپەرشتی (جەلیل یاقو) لەلایەن یانەی نوهدرا کۆمەڵایەتی دهۆک، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و وەرزی بوە. ئەم گۆڤارە تەنها حەڤدە ژمارەی لێ دەرچوە.

**بڵاوکراوەی "دهۆک"**

بڵاوکراوەی "دهۆک"، لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٥/١ بەزمانی عەرەبی و کوردی لەلایەن لێژنەی ڕاگەیاندنی ئاهەنگی ڕۆژی پارێزگای دهۆک، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە، تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچوەو بڵاوکراوەیەکی گشتی بوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠٠٠، ل١٠-٢٥، ١١٠-١١٣)، (حەمە سالح فەرهادی، ١٩٨٨، ل٥٣، ٨٩)، (ئیسماعیل تەنیا، ٢٠١٣، ل١٧،٨٠، ١٦٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33


## بەشی سێیەم: میدیای كوردی لە دەڤەری بادینان لەقۆناغی نهێنیدا ١٩٥٠ - ١٩٩١

ڕوبەرێكی زۆر لەمیدیای كوردی، بەنهێنی و لەشـــاخەكاندا بوە. هەندێك لە بڵاوكراوەكان بەنهێنی لەنێو شـــارو شـــارۆچكەكان، بەچاپ یاخود بەدەســـتنوس، ئامادەدەكران و بڵاودەكرانەوە. هەندێكیان لەناوچە ئازادكراوەكان، واتا لەو ناوچانەی كە دەســـــتی ڕژێمی بەعســـــی عێراقی پێنەدەگەیشـــــت، میدیاكان ئازادانە دەنوســـــران و ئامادەدەكران، بەڵام بەنهێنی لەناوچەكانی تری كوردستان دەنێردران و بڵاودەكرانەوە. دەڤەری بادینان، یەكێك لەو دەڤەرو ناوچانە بوە، جگە لەو بڵاوكراوانەی كە بە ئاشــكرا دەردەچون، بەهەمان شــێوە بڵاوكراوەی نهێنی لە دەڤەری بادینان و دێهاتەكان و ئەشكەوتەكان، كەم تازۆر، بونیان هەبوە، كە لێرەدا دەیانخەینەرو.

### بڵاوكراوەی "الصرخە"

لە ساڵی ١٩٥٦ بەزمانی عەرەبی لەلایەن لێژنەی یەكێتی گشتی قوتابیانی حزبی شیوعی عێراق بڵاوكراوەتەوە. ئەم گۆڤارە بەســەرپەرشــتی محەمەد تاهیر عەلی موبارەك دهۆكی، ڕەشــید محەمەد مســتەفا ئامێدی، لەشــاری دهۆك دەرچوە. بڵاوكراوەی "الصــــرخە"، بڵاوكراوەیەكی نهێنی و ســـیاســـی بوە، نەزاندراوە چەند ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠١٢، ل١١).


### گۆڤاری "دەنگێ كوردستان"



گۆڤاری "دەنگێ كوردســتان"، لە ســاڵی ١٩٦٧ بەزمانی كوردی و عەرەبی لەلایەن لقی یەكی پارتی دیموكراتی كوردســــــتان، بەســــــەرپەرشــــــتی (محەمەد عەلی یونس توڤی بامەڕنی[iv]، مەلا حەمدی عەبدولمەجید الســــفلی، عەبدولكەریم فەندی، نعمان عیسا بارزانی، مەلا ساڵح سلێڤانی، مەلا عەلی بەروشكی، یوسف مەتی موسلاوی ناســـراو بە مەلا خدر) دەرچوە. ئەم گۆڤارە لەگوندی (گەرناســـكێ) لە دۆســـكێ، بەئامێری چاپ لەلایەن مەلا سەعید سمو تەها چاپكراوەو لەدهۆك بەرۆنیۆ ڕادەكێشرا. گۆڤاری "دەنگێ كوردستان"، ناوەڕۆكێكی سیاسی هەبوەو تەنها چواردە ژمارەی لێ دەرچوەو دواتر وەستاوە. (وەسفی حەسەن، ٢٠٠٠، ل١٠٩).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## بڵاوكراوەی "پێشكەفتن"




بڵاوكراوەی "پێشـــــكەفتن"، لە ڕێكەوتی ١٩٧١/١/١٥ بەزمــانی كوردی لەلایەن لقی یەكی پـارتی دیموكراتی كوردستان لە دهۆك و موسل چاپ و بڵاوكراوەتەوە. بڵاوكراوەیەكی ڕۆشنبیری و سیاسی بوەو تەنها حەڤدە ژمارەی لێ دەرچوە، كە دواهەمین ژمارەی لە ڕێكەوتی ١٩٧١/١٠/١٥ بڵاوكراوەتەوەو پاشـــان وەســـتاوە. ئەم بڵاوكراوەیە تەنها تایبەت بو بە ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگرانی پارتی دیمكوراتی كوردســـــتان. (ڕەهبەر سەید برایم، ٢٠١١، ل٣٦).

## بڵاوكراوەی "النصير الثقافي"

لەڕێكەوتی ١٩٨٠/١٠/٤ بەزمـانی عەرەبی لەلایەن كەرتی بـادینـانی حزبی شـــــیوعی عێراقی دەرچوە. ئەم بڵاوكراوەیە لەدەڤەری (كوماتە) لەنێوان سنوری عێراق – توركیا بەدەستنوس و بە ئامێری چاپ تایپكراوەو بە ڕۆنیۆو هەندێكجار بەكاربۆن لەبەریگیراوەتەوە. ئەم بڵاوكراوەیە ناوەڕۆكێكی ســــیاســـی هەبوەو تەنها پێنج ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

## بڵاوكراوەی "فجر النصير"

لە ١٩٨١ لەلایەن بنكەی هەركی حزبی شیوعی عێراقی بەزمانی عەرەبی و بەسەرپەرشتی ئەبو عارف، دیلمان ئامێدی، ئەبو بەســام، جەعفەر ئەسـپینداری، بوە. بڵاوكراوەیەكی سـیاسـی و ڕۆسـنبیری بوەو ٣١ ژمارەی لێ دەرچوە، دواهەمین ژمارەی لەساڵی ١٩٨٦ دەرچوە.

## بڵاوكراوەی "ئەلندا پێشمەرگە"

پاشكۆی بڵاوكراوەی "فجر النصير"، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨١ بەزمانی كوردی لەلایەن پارتی كۆمۆنیستی عێراق لەبادینان بەســــەرپەرشـــتی ئەبو عوف، دیلمان ئامێدی، ئەبو بەســــام، جەعفەر ئەســــپینداری، چاپ و بڵاوكراوەتەوە. بڵاوكراوەیەكی سیاسی و ڕۆشنبیری بوەو تا ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام بوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

## بڵاوكراوەی"مەتین"


مضاداتنا الجوية تسقط طائرة للعدو فوق سوتوش واسر طيارها
مەتین METÎN
الديمقراطية للعراق والحكم الذاتي الحقيقي لكوردستان
لسان حال الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكوردستاني - العراق
العدد / ٦٩ كانون الثاني ١٩٨٨ السعر ٥٠ فلسا
ثوار كوردستان يحررون مركز ناحية ديرەلوك
تدمير واقتحام (٤) اربعة افواج
تدمير (٢) فوجين اخرين بنسبة ٥٠٪
تدمير واقتحام (١١٢) موقعا
اسر (٥٧٢) فردا من الجيش والجاش
قتل وجرح اكثر من (٥٠٠) من افراد العدو
الغنائم كثيرة جدا
تضحياتنا (١٢) شهيدا و (٢٧) جريحا
ديرەلوك
عدد خاص

بڵاوكراوەی "مەتین"، لە ســـــاڵی ١٩٨١ بەزمانی كوردی لەلایەن لقی یەكی پارتی دیموكراتی كوردســـــتان بڵاوكراوەتەوە. سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی ئەم بڵاوكراوەیەوە، د. ڕزگار زاخۆیی بوە، هەروەها د.غازی بامەڕنی، طیار ســـــلیم گەرماڤی، ســـــەید جلال گروانشـــــی، خالید محەمەد دەركاری، نێچیرڤان ئەحمەد (وەك هونەركاری و نەخشـەسـازی)، محەمەد ئەمین مایی (مام دژوار)، ناجی بامەڕنی، حەمید نەسـری (خۆشـنوس)، (جەعفەر مایی، ئەسـعەد گوهەرزی) لەسـتافەكە بونە. بڵاوكراوەی"مەتین"، لەدەڤەری (كوماتەی) شـاری دهۆك. لەلایەن صبری بامەڕنی و حوسێن گولی (ابو كوڤان) و محەمەد حاجی، بەئامێری چاپ تایپ دەكراو پاشان بە ڕۆنیۆ و ستێنسل ڕادەكێشرا. ئەم گۆڤارە ڕۆڵ و كاریگەری زۆری هەبوە، بۆیە لەتەمەنی خۆیدا دوای ماوەیەك بۆتە گۆڤارێكی ناودار.

## بڵاوكراوەی "هرور"

لەمانگی كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٨١ بەزمانی كوردی و عەرەبی لەلایەن سریەی یەكی كەرتی بادینانی حزبی شـیوعی عێراقی دەرچوە. ئەم بڵاوكراوەیە بەدەسـتنوس و كاربۆن لەبەری دەگیرایەوە. ناوەرۆكێكی سـیاسـی هەبوەو تاساڵی ١٩٨٣ بەردەوام بوە، تەنها( ١٧) ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

## بڵاوكراوەی ڕاپەڕین "الانتفاضة"

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢ بەزمانی كوردی و عەرەبی لەلایەن فەوجی سێی سریەی سێی كەرتی بادینانی حزبی شـــیوعی عێراقی بڵاوكراوەتەوە. بڵاوكراوەیەكی دەوری ســیاســـی و ڕۆشـــنبیری بوە، تەنها (١٨) ژمارەی لێ دەرچوە.

## ڕۆژنامەی "بەهدینان"





Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

ڕۆژنامەی "بەهدینان"، لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/١/٤ بەزمانی کوردی و دواتر بەزمانی عەرەبی لەلایەن لقی دهۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان – عیراق، دەرچوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەگوندی (کافیا)ی نێوان گارەو زێبار سەر بەپارێزگای دهۆک دەرچوە. ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوەو تەنها (١٠) دە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دواهەمین ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچوە.

## بڵاوکراوەی "گازیا خوێندکارا"



بڵاوکراوەی "گازیا خوێندکارا"، لە ساڵی ١٩٨٣ بەزمانی کوردی لەلایەن لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. سەرپەرشتی نوسینگەی پیشەیی:- عیماد احمد، د.ڕزگار زاخۆیی، نێچیرڤان ئەحمەد، عەبدولعەزیز تەیب، بونە. هەروەها سەرنوسەرو ستافی ئەم بڵاوکراوەیە:- طیار سەلیم گەرماقی[v]، حەسەن محەمەد (شبیبە)، شەهید سمکۆ ئامێدی، حوسێن ئامێدی، ئیحسان ئامێدی، ڕزگار کەمەکی، محەمەد ئەمین مایی (مام دژوار)، دەلیل ڕەمەزان، حەسەن نوری، حەبیب کلش، ئەرجان ماری شێخانی، بونە. بڵاوکراوەی "گازیا خوێندکارا"، لە گوندی (زێوە شکان) لەدەڤەری نێرۆیی. بە ئامێری فوتۆ ستێنسل ڕادەکێشرا. حەمید نەسری، ابو شیڤان، ڕۆڵیان لە نیگارکێشان و نوسینی دەست و وێنە کاریکاتێریەکاندا هەبوە. بڵاوکراوەیەکی سیاسی و پەروردەیی بوە. دواهەمین ژمارەی کە ژمارە (٤٢) بوە، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دەرچوە.

## بڵاوکراوەی "ڕێیا سەرکەفتنێ"

لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٢/٥ بەزمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن لیژنەی ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی عێراقی (جود) بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە سەرپەرشتی بەشی عەرەبی:- ئەبو نەهران (داود ئەمین) بوەو سەرپەرشتی بەشی کوردی:- ئەدیب چەلکی[vi] و د. ڕزگار زاخۆیی و هەروەها طیار سلیم گەرماقی، ئەرشەد خۆشناو، ئەبو ئەسیر (عەبدولەتیف ئەلسەعدی)، خالید محەمەد دەرکاری، ابو هندرێن، ابو سامر، بونە. نەخشەسازی، ابو اسعد بوەو لەدەڤەری (کوماتە) بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوەو تا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بوە، کە تەنها پێنج ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## بڵاوکراوەی "دوزا گەل"

لە شوباتی ساڵی ١٩٨٣ بەزمانی کوردی لەلایەن پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دەرچوە. ئەوانەی سەرپەرشتیان کردوە:- سەعید دێرەشی، ئەدیب نادر چەلکی، عەلی عەبدولقادر ئامێدی، خالد دێرەشی، بون. ئەم بڵاوکراوەیە لەگوندی (دێرەشی)، لە قەزای ئامێدی، بەدەست دەنوسراو لەڕێگەی کاربۆن کۆپی دەکرایەوە. بڵاوکراوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بوەو تەنها دو ژمارەی لێ دەرچوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## گۆڤاری "ڕافد زێوە"

لە مانگی کانونی دوەمی ســــاڵی ١٩٨٤ بەزمانی عەرەبی لەلایەن کەرتی بادینانی حزبی شـــیوعی عێراقی، دەرچوە. ئەم بڵاوکراوەیە بەسەرپەرشتی (ئەبو نصیر، عەبدولەتیف ئەلسەعدی، ئەبو ئازار، یونس پۆلس تۆما، ئەبو هندرێن، لوتفی حاتەم) بوە. لە گوندی (زێوە شـــکان) لەدەڤەری نێروەیی، لەقەزای ئامێدی. بەئامێری چاپ تایپ دەکرا.

## بڵاوکراوەی "الانتفاضة"

لەساڵی ١٩٨٤ بەزمانی عەرەبی لەلایەن فەوجی یەکی بزوتنەوەی (الانصار)ی حزبی شیوعی عێراقی دەرچوە. هۆزانڤان کامل الركابي[vii]. هونەرمەند آبو آیار، آبو طالب، صـــباح كنجي، یوســـف ابو الفوز، شـــاعر :عبدالقادر البصـــري، ســـەرپەرشـــتیان کردوە. ئەم بڵاوکراوەیە لە (گەلیێ مەڕانێ) لەدەڤەری بەرواری باڵا بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوەو تاوەکو هاوینی ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوە.

## بڵاوکراوەی "دەنگ ڤەدانا لاوان"

لەمانگی ئازاری ســـاڵی ١٩٨٤ بەزمانی کوردی لەلایەن لیژنەی زاخۆی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان دەرچوە. ســەرنوســەری حەمید مەعروف بوەو لە (حەفت طەنینێ) لە پشت کەشــانێ ئەم بڵاوکراوەیە دەرچوە. بڵاوکراوەیەکی ســیاســی و ڕۆشــنبیری بوە. هەشــت ژمارەی لەشــاخ دەرچوەو لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام بوە.

## بڵاوکراوەی "خابور"

لە مانگی کانونی دوەمی ســـــاڵی ١٩٨٥ بەزمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن ڕاگەیاندنی فەوجی ســــێی حزبی شیوعی عێراقی دەرچوە. سـەرنوسـەرەکەی ئەبو واثق (قادر الیوسـف) بوە. ئەم بڵاوکراوەیە لە (بەرواری باڵا)، بەئامێری چاپ تایپ دەکرا. بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوەو تا کۆتایی سالی ١٩٨٦ بەردەوام بوە.

## بڵاوکراوەی "طريق الاتحاد"

لەمانگی مایســی ســاڵی ١٩٨٦ بەزمانی عەرەبی بەســەرپەرشــتی عەلی ســنجاوی لەلایەن لقی نەینەواو دهۆکی یەکێتی دیموکراتی کوردســــتان، بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەیەکی ســــیاســــی بوەو تەنها حەوت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## بڵاوکراوەی "الرافد"

لەهاوینی ساڵی ١٩٨٦ بەزمانی عەرەبی و بەســەرپەرشــتی ئەبو طریق لەلایەن بارەگای کەرتی بادینانی حزبی شیوعی عێراقی دەرچوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەگوندی (زێوە شکان) لەدەڤەری نێروەیی، بەئامێری چاپ تایپکراوە. بڵاوکراوەیەکی ســــیاســــی بوەو تەنها (١٢) دوانزە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دواهەمین ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دەرچوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

### بڵاوکراوەی "ژیانی نوێ"

لەمانگی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٨٩ بەزمانی کوردی لەلایەن یەکێتی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان، لەدەڤەری بادینان دەرچوە. بڵاوکراوەیەکی ســـیاســـی بوەو تەنها (١٦) ژمارەی لێ دەرچوەو دواهەمین ژمارەی لە مانگی حوزەیرانی ســاڵی ١٩٩٣ دەرچوە. (حەســەن، ٢٠١٢، ل١١-٤٩)، (حەســەن، ٢٠٠٠، ل١٠٩-١١٢)، (برایم، ٢٠١١، ٣٦)، (خەزنەدار، ٢٠١١، ل١٤٥)، (بـالآیی، ٢٠١٢، ل٣٨٨)، (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٨٢)، (خەزنەدار، ٢٠١٨، ل١٤٣-١٤٤)، (تەنیا، ٢٠١٣، ل١٤٥،٢٢٢).

هەروەها چەندین بڵاوکراوەی تری مانگانە و دەوری، لەلایەن ســـریەو فەوجەکانی حزبی شـــیوعی عێراقی بڵاودەکرانەوە، لەوانە:- "المفرزة" (١٩٨٢ – ١٩٨٣) لەلایەن ســـریەی چوار. "شـــعاع" ( ١٩٨٣- ١٩٨٥) لەلایەن سریەی یەک. "کافک" (الخطوة-١٩٨٤ – ١٩٨٦)، لەلایەن الفصیل المستقل، سەر بە فەوجی یەکی لێژنەی نەینەوا. "١٤ اکتوبر" (١٩٨٣- ١٩٨٥)، لەلایەن بارەگای کەرتی بادینانی حزبی شـیوعی. "سـتێرا سـور" (١٩٨٤ – ١٩٨٦) لەلایەن سـریەی دو. "پیرموس" (١٩٨٢ – ١٩٨٤) لەلایەن سـریەی چواری فەوجی یەک. "مناضـل الحزب" (١٩٨٥ – ١٩٨٦) لەلایەن کەرتی بادینانی حزبی شـــیوعی عێراقی، بە ســـەرپەرشـــتی ئەبو زەکی (د.حەمید بەخش) لە گوندی (زێوە)ی دەڤەری نێروەیی بڵاوکراوەتەوە. (حەسەن، ٢٠٠٠، ل١١٣). هەمو ئەو بڵاوکراوانە زیاتر سیاسی یاخود ڕۆشـــنبیری بونە، ئامانجیان ناردنی پەیامی ســـیاســـی بوە. گرنگیان لەوکاتانەدا برەودان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو وەڵامدانەوەی دوژمنانی کورد بوە.

## بەشی چوارەم: ڕۆڵی میدیاکاران لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی میدیای کوردی لەدەرەوەی دەڤەری بادینان لەنێوان ١٩٥٠ – ١٩٩١

دوای هەمو شارەکانی تری باشوری کوردستان، ڕۆژنامەگەری لەدەڤەری بادینان دەرکەوتوە. لەگۆڤاری "ژین" لە ئەســـتەمبوڵ کەســـێک بەناوی زاخۆیی لە٩ی حوزەیرانی ســـاڵی ١٩١٩نوســـینێکی بەناوی (ژ باژێرییانرا) بڵاوکردۆتەوە، بەیەکەمین تێکەڵبونی خەڵکی بادینان بەرۆژنامەگەری دادەندرێت. بەڵام لە عێراق، بۆیەکەمجار دەرکەوتنی قەڵەمی خەڵکی دەڤەری بادینان لەرۆژنامەگەری، بۆ کۆتایی ســـاڵانی ســـییەکانی ســـەدەی ڕابردو ســـەرەتای چلەکانی ســـەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە، کاتێک لەســـاڵی ١٩٣٩ کۆمەڵەی هیوا دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە لەبەغدا هەندێک چالاکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا، وەک گۆڤاری "گەلاوێژ" (١٩٣٩-١٩٤٩) لە بەغدا. ڕۆژنامەی "ژیان" لە شـاری سلێمانی. کە لەنێو ئەو چالاکیە ڕۆشـنبیری و سـیاسـیانەدا، خەڵکی دەڤەری بادینانی تێدا بوە. سـەیدا سـاڵح یوسـفی یەکەم کەسـی دەڤەری بادینان و پێشـەنگی دەرکەوتنی قەڵەمی بادینان لەرۆژنامەگەری کوردیدا لەعێراق بوە، کە لە ژمارە (٣٩)ی گۆڤاری "ڕوناهی" لەڕێکەوتی یەکی شوباتی ساڵی ١٩٤٢، هەڵبەستێک بەناوی (هێڤامە) بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەنوەر مایی لەساڵی ١٩٤٠-١٩٤١، بەزمانی کوردی و عەرەبی گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی "میزان" لەبەغدا بڵاوکردۆتەوەو ماوەیەک بەردەوام بوە، دواتر بەهۆی نەبونی پشـــتیوانی دارایی ئەم گۆڤارە وەستاوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

لەگۆڤاری "هاوار" (١٩٣٢– ١٩٤٣)، شێخ مەمدوح بریفکانی و مەلا ئەنوەر مائی و سالّح ڕوشدی و دلکۆلێ دوسکی و ئەلهۆیێ بیدوهی) بەرهەمەکانی خۆیان لەگۆڤاری "هاوار" و پاشان لەگۆڤاری "ڕوناهی" شام لەسالاّنی چلەکانی سەدەی ڕابردو بلاّوکردۆتەوە.

ژمارەیەک لە میدیاکاران و ئەدیب و نوسەرو قەڵەم بەدەست و ڕۆژنامەنوسانی دەڤەری بادینان، لەماوەی نێوان سالاّنی ١٩٥٠ تاوەکو ١٩٩١، لە دەرەوەی دەڤەری بادینان دەرکەوتون. لە شارەکانی بەغداو کەرکوک و سلێمانی و هەولێر، لەپشت دەرچون و بلاّوکردنەوەی چەندین ڕۆژنامەو بلاّوکراوەو گۆڤارو ڕادیۆ و بەشی کوردی تەلەفزیۆن بون. هەروەها لە خەباتی نهێنی و لەنێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، وەک نوسەرو سەرنوسەرو دەستەی نوسەران و بێژەرو ئامادەکاری پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرو هونەرمەندان، لە دێهات و شاخ و ئەشکەوتەکان، چالاکی میدیایی و ڕۆشنبیرییان هەبوە، کە بێگومان هەمو ئەمانە کاری کردۆتەوە سەر ڕێژەی چەندیتی بلاّوکراوەکانی سنوری بادینان. کەناڵەکانی میدیا و بلاّوکراوەکانی دەڤەری بادینان، بەراورد بە بلاّوکراوە کوردییەکانی (بەغدا، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی) لەڕوی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی، دەڤەری بادینان درەنگتر میدیای ئاشکرای لێ دەرکەوتوە. (سەیری خشتەی ژمارە – ١– بکە).

### خشتەی ژمارە (١)

### کاتی سەرهەڵدانی بلاّوکراوەکانی بادینان و شارەکانی دەرەوەی دەڤەری بادینان

| شارو ناوچەکان | بەغدا | سلێمانی | هەولێر | کەرکوک | بادینان |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی یەکەم بلاّوکراوە | ڕۆژنامەی "الحقوق" | ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" | گۆڤاری "زار کرمانجی" | ڕۆژنامەی "کەرکوک" | ڕۆژنامەی "ئاکرێ" |
| مێژوی دەرکەوتن | ١٩١٢/١/١٨ | ١٩٢٠/٤/٢٩ | ١٩٢٦/٥/٢٥ | ١٩٢٦/١٠/١٢ | ١٩٥٠/٧/١٥ |

هەروەها بەگوێرەی ئینسکلۆپیدیای میدیای کوردی ژمارەی بلاّوکراوەکانی دەڤەری بادینان کەمترن بەبەراورد بەژمارەی بلاّوکراوە کوردییەکانی بەغدا، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی کە یەکێک لە هۆکارەکان بەهۆی ڕۆڵ و دەرکەوتنی میدیاکارانی بادینانە، لە دەرەوەی دەڤەری بادینان. (د.سامان جلال، ٢٠٢٢).

### خشتەی ژمارە (٢)

### ژمارەی بلاّوکراوەکانی بادینان و دەرەوەی دەڤەری بادینان لە سەرهەڵدان تاوەکو ساڵی ١٩٩١

| ناوی ناوچەو شارەکان | بەغدا | سلێمانی | هەولێر | کەرکوک | بادینان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی بلاّوکراوەکان | ٧١ | ٤٣ | ٤٨ | ٤٥ | ١٥ |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

لەڕوی مێژوی کاری ڕۆژنامەوانی، لاپەڕەکانی مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردو بڵاوکراوە کوردییەکانی شارەکانی بەغداو سلێمانی و هەولێرو کەرکوک، چەندین میدیاکارو ئەدیب و ڕۆژنامەوانی بەتواناو دیاری دەڤەری بادینان دەبیندرێن، کە ڕۆڵیان لە دەرچون و بڵاوکردنەوەی چەندین بڵاوکراوە لەو شارو ناوچانەدا هەبوە. هەروەها ڕۆڵیان لەبواری هونەرو بەڕێوەبردنی کەناڵی ڕادیۆیی و بەشی کوردی لە تەلەفزیۆن هەبوە. بەتایبەتی لەناوخۆی ولاتدا، بۆیە لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینەڕو.

**یەکەم:- لەنێو بڵاوکراوەو میدیا کوردییەکانی شاری بەغدا، میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە دەرکردن و دامەزراندنیان هەبوە، لەوانە:-**

- **حافظ مصطفى قاضي:-** لە گۆڤاری "هیوا"، کە لە ڕێکەوتی ١٩٥٧/٦/١ لە شاری بەغدا دەرچوە. گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی بوە، تا ژمارە (٨)ی سەرنوسەر بوە. خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە (یانەی سەرکەوتنی کوردی) بوە. لەبەرگی یەکەمین ژمارەیدا وێنەی دیمەنی گەلی عەلی بەگی شاری هەولێری تێدا بڵاوکراوەتەوە. لەبەرگی دوەمین ژمارەیدا وێنەی دیمەنێکی شاری سلێمانی و لەبەرگی ژمارە سێیدا دیمەنێکی شاری ئاکرێی تێدا بڵاوکراوەتەوە. لەبەرگی ژمارە چواریدا، وێنەی دیمەنێکی شاری کەرکوک بڵاوکراوەتەوە. هەروەها حافز مستەفا قازی، خاوەنی ئیمتیازو سەرۆکی نوسینی گۆڤاری "ڕوناهی" بوە، کە گۆڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کۆمەلایەتی بوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ لەشاری بەغدا دەرچوە. هەندێک سەرچاوە ئاماژە دەکەن کەوا لە ڕێکەوتی ١٩٦٠/١/٤ یەکەمین ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە، یەکەمین گۆڤار بو کە بە دیالێکتی کرمانجی ژورو بنوسرێت و بڵاوبکرێتەوە .حافز مستەفا قازی، لە ژمارە (٢)ەوە دەبێتە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری "نوسەری کورد"، کە لە شاری بەغدا دەردەچو. (سەعید، ٢٠٠٥، ل٥٢، ١٣٠- ١٣١)، (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٤٨).

حافز مستەفا قازی لە ڕێکەوتی ١٩٢٩/٢/٤ لەپارێزگای دهۆک لەدایکبوە. خوێندنی سەرەتایی لە دهۆک تەواو دەکات و خوێندنی دواناوەندی لە موسل و بەغدا تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٤٩ کۆلێژی بازرگانی و ئابوری لە بەغدا تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی (یانەی سەرکەوتنی کورد) لەشاری بەغدا دادەمەزرێنن. لە ساڵی ١٩٦٠ دەبێتە بەڕێوەبەرو بەرپرسی گۆڤاری "هیوا"، پاشان دەبێتە خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری گۆڤاری "ڕوناهی" و یانزە ژمارەی لێ چاپ و بڵاودەکاتەوە. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە. بەهۆکاری نیشتیمان پەروەری چەند ساڵێک (١٩٦٥- ١٩٦٩) زیندانی دەکرێت. لە شاری بەغدا ئەندامێکی کارای دامەزراندنی (یەکێتی نوسەرانی کورد) و (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد) بوە. لەگەڵ ژمارەیەک کورد گۆڤارێک بەناوی "ڕۆژی کوردستان" دەردەکەن، کە ئەم گۆڤارە لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد سەرپەرشتی کراوە. لەدامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕۆشنبری کورد) لەبەغدا ڕۆڵی دیاری هەبوە. ڕۆڵی سەرەکی لەدانانی بەشی کرمانجی لەڕادیۆی بەغداو لەهێنانە پێشی ژمارەیەک کەسایەتی ڕۆشنبیری کورد بۆ نێو ئەو ڕادیۆیە هەبو، لەوانە:- مینا قەدریجان، ئەمینێ ئۆسمان، مەلا ئەنوەر مایی. حافز مستەفا قازی لە دوای کۆچڕەوی کوردان ساڵی ١٩٩١ کوردستان جێدەهێڵێت و لەوڵاتی نەمسا نیشتەجێ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

دەبێت. لەدەنگدانی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان دەگەڕێتەوە کوردستان و شاری دهۆک، بەلام شەوی دواتر کۆچی دوایی دەکات. لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٣/٣ لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا ماڵئاوایی دەکات و لەگۆڕستانی شاخکێ لە شاری دهۆک دەنێژرێت.

– **محەمەد بریفکانی**: لەسەرەتای پەنجاکانەوە لەنێو گۆڤارو ڕۆژنامەو کاری میدیایدا کاری کردوە. خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "پێشکەوتن"، بوە، کە گۆڤارێکی هەفتەیی گشتی بوەو لەڕێکەوتی ١٩٥٨/٢/٢٨ لەبەغدا بڵاوکراوەتەوە. سەرۆکی نوسین، پارێزەر یونس سەباغ بوە. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٤٠). هەروەها ڕۆژنامەی "دەنگ و باس"، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوەو بەهەردو زمانی کوردی و عەرەبی، لەشاری بەغدا دەرچوە. ژمارە (١)ی لە مانگی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٦٦چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەلایەن محەمەد بریفکانی سەرپەرشتی کراوەو حەوت لاپەڕەی بە زمانی عەرەبی و تەنها لاپەڕەیەکی بەزمانی کوردی بوە. دواهەمین ژمارەی لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/١٠/٢٧ بڵاوکراوەتەوە. بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی بوەو (١٧) ژمارەی لێ دەرچوە. (سەعید، ٢٠٠٥، ل٥٤).

– **جرجیس فتح الله و ئەنوەر مایی**"– لەساڵی ١٩٥٩ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "ڕاستی" (الحقیقة) لە ٧ی گولانی ساڵی ١٩٥٩ دەردەکەن. ئەم ڕۆژنامەیە تاوەکو ڕێکەوتی١٩٦٠/٤/٣ بەردەوام دەبێت، بەلام هەر لەساڵی ١٩٦٠ ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیە هەڵدەوەشێتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بو بە سەرچاوەیەک لە دروستبون و دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لە دەڤەری بادینان.

– **ساڵح یوسفی**:– خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە بوە. نوسەرێکی بەتواناو سیاسی بوە. خاوەنی دەیان کتێب بوە. لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە کوردی و عەرەبییەکان نوسینی زۆری هەبوە. خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری خولی یەکەمی ڕۆژنامەی "برایی– برایەتی"، ڕۆژنامەی "التآخی" بوە، کە لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٤/٢٩ دەرچوە. هەر لەم ڕۆژنامەیەدا لە دەستەی نوسەران، نوسەری دەڤەری بادینانیان لەگەڵ بوە، لەوانە شەوکەت عەقراوی، کە یەکێک بوە لەدەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی "برایەتی". (خەزنەدار، ٢٠١٨، ٥٨ – ٥٩).

ساڵح یوسفی لە ژمارەکانی سەرەتادا، سەرنوسەری گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" بوە، کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بوە. لەلایەن (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی) لە بەغدا دەرچوە. ژمارە (١)ی لەمانگی حوزەیرانی ١٩٧١دەرچوە. سەرۆکی نوسین، سەرەتا ساڵح یوسفی و پاشان دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی و دواتر هاشم حەسەن عەقراوی و پاشان عەبدولستار تاهیر شەریف و ئینجا جارێکی تر هاشم ئاکرەیی، بۆنەتە سەرنوسەری گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان". (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٧٥– ٧٦).

ساڵح یوسفی، ناوی تەواوی (ساڵح عەبدوڵلا نەجمەدین تەها یوسفی)یە. لەڕێکەوتی ١٩١٨/١/٢٥ لە شارۆچکەی بامەڕنێ سەر بەپارێزگای دهۆک لەدایکبوە. کۆلێژی خانەی زانیاری – شەریعە لە زانکۆی بەغدا تەواو دەکات. ساڵح یوسفی کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردی بەنهێنی بەناوی (بروسک) دادەمەزرێنن. دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی بروسک:– (هەمزە عەبدوڵلا، ئەکرەم ڕەشید، شەفیق سەعدوڵلا، سەدیق ئەتروشی، حەسەن زاخۆیی)،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

بونە. لەهەمان کاتدا لەشاری هەولێر ڕێکخراوی (دارکەر) دادەمەزرێت و دواتر دوای بەرەوپێشچونی ڕەوشی سیاسی، حزبی هیوا دادەمەزرێت، حزبی هیوا لقێکی نوێ لەساڵی ١٩٤٢ لەموسل دەکەنەوە، زۆرینەیان لەدامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی بروسک) بون، کە سەیدا ساڵح یوسفی ڕۆڵی دیاری تێدا بینیوە. دوای دەرکەوتنی جیاوازی بیروڕا لەنێو حزبی هیوا، لەساڵی ١٩٤٤ حزبی هیوا کۆتایی پێدێت. لەساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ هەندێک لەهاوڕێیەکانی حزبێکی نوێ بەناوی حزبی ڕزگاری دادەمەزرێنن، کە ساڵح یوسفی ڕۆڵێکی دیاری لەبڵاوبونەوەی بیرو ئامانجەکانی لەنێو حزبی ڕزگاری هەبوە. بڕیاری کۆتایی هێنان بە حزبی (ڕزگاری)یان ڕاگەیاندن و بڕیاری دامەزراندنی حزبێکی تریان بەناوی (حزبی شۆڕش)دا، کە ساڵح یوسفی ڕۆڵی سەرەکی لەنێو ئەو حزبەدا هەبوە. پاشان هەر لەشاری بەغدا لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/٨/١٦ کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، سەیدا ساڵح یەکێک دەبێت لە ئەندامانی سەرکردایەتی. پاشان لەکۆنگرەی سێیەمدا، ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوە. کەسایەتیەکی سیاسی و کورد پەروەر بوە. دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، چەندین پلەو پۆستی وەرگرتوە، لەوانە:- وەزیری دەوڵەت، جێگری کۆمەڵەی برایەتی و هاریکاری عێراق و سۆڤیەت، سەرۆکی یەکێتی ئەدیبان و نوسەرانی کورد، ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراقی، بوە. دوای ساڵی ١٩٧٤ و ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران، ساڵح یوسفی لە شاری بەغدا دەمێنێتەوە. لەمانگی پێنجی ساڵی ١٩٧٦ بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنێت. لەبارەی جیاوازی بیروڕای لەپەیوەندی نێوان عێراق و ئێران و بەهۆکاری سیاسی، لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقی، هەوڵی کوشتنی سەیدا ساڵح یوسفی دەدرێت. لە ڕێکەوتی ١٩٨١/٦/٢٥ لەلایەن (مدیریة الامن العام) لەشاری بەغدا، دەکوژرێت.

- **عەبدولکەریم فەندی دۆسـکی**:- یەکێک بوە لەدەسـتەی نوسـەرانی گۆڤاری "بەیان"، کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و هونەری گشـتی بوە. وەک بەتەمەنترین گۆڤاری کوردی لەمێژوی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دادەندرێت. لەشاری بەغدا لە ١٩٦٩/١١/٢٦ دەرچوە. لەسەرەتادا تا ژمارە (٥)ی د.ئەکرەم فازیل بەرپرسیارو جەلال کەریم سکرتێری نوسین بوە. پاشان مستەفا نەریمان تا ژمارە (٢٥)ی سکرتێری نوسین بوە. دواتر ئازاد شوان بو بە سـکرتێری نوسـین. سـەرنوسـەری ئەم گۆڤارە (موسـلح جەلالی) بوەو دەسـتەی نوسـەرانی بریتیبونە لە:- د. ئیحسـان فوئاد، د.کاوس قەفتان، د.عزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ، مەحمود زامدار، مسـتەفا نەریمان، عەبدولرەزاق بیمار، محەمەد مسـتەفا حەمە بۆر، عەبدولکەریم فەندی دۆسـکی، حوسـێن ئەحمەد جاف، سـەبری ئەحمەد بۆتانی، بونە. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٧٣)، (سەعید، ٢٠٠٥، ل٨٨ – ٩٠).

- **سەربەست بامەڕنی**:- لە ژمارە (١٠)ەوە بۆتە سەرنوسەری ڕۆژنامەی "هاوکاری"، لەسەرەتادا ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی بوەو پاشان هەفتەی دوجار بڵاوکراوەتەوە. خاوەنی ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە، (دار الجماهیر) بوەو پاشان دار التضامن و دواتر دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بو بەخاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی "هاوکاری". ئەم ڕۆژنامەیە، لە ڕێکەوتی ١٩٧٠/١/٩ دەرچوە. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٧٥). سەرنوسەری ڕۆژنامەی هاوکاری، تا ژمارە (٩)، منذر عظیم بوەو لەژمارە (١٠) بۆتە (سەربەست بامەڕنی) و دواتر لەشوێنی سەرنوسەر،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

ئاماژە بە (دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە) کراوە. دواهەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "هاوكاری"، ژمارە (٣٩٤٦)ە، کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٢٢ لەشاری بەغدا دەرچوە، واتا چوار ژمارەی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق (٢٠٠٣/٤/٩)، دەرچوە. (سەعید، ٢٠٠٥، ل٩٥ – ١٠٢).

- **د. تاریق حەسەن ئامێدی**:- یەکێک بوە لەدەستەی نوسەرانی گۆڤاری "زانیاری"، کە گۆڤارێکی زانستی گشتی بوەو لەوسەردەمەدا تاکە گۆڤاری کوردی بوە، کە تایبەت بەبواری زانست و زانیاری دەرچوبێت. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ یەکەمین ژمارەی لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوە. خاوەنی ئیمتیازی، د. عەزیز ئەمین و تەڵعەت نادر، بونە. سەرۆکی نوسینی، د. ساماڵ مەجید فەرەج بوە. دەستەی نوسەران: د. جوامێر مەجید، د. دارا ڕەشید جەودەت، د. سەلاح حەفید، د. تاریق ئامێدی، بونە. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٥١-٥٣).

- **ئەبوزێد سندی**:- یەکێک بو لە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری "پەروەردەو زانست"، گۆڤارێکی وەرزی و گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستی بوە. لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی بەزمانی کوردی و عەرەبی، لەشاری بەغدا لە ساڵی ١٩٧١چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٥٦). سەرنوسەری ئەم گۆڤارە، شوکر مستەفاو دەستەی نوسەران:- (عەبدوڵلا شاڵی، نوری عەلی ئەمین، عوسمان عەلی قادر، ئەبوزێد سندی، عوسمان عەلی الشیخ)، بونە. (سەعید، ٢٠٠٥، ل١٢٤- ١٢٦).

- **ساڵح کوردۆ ئەتروشی و موحسین موسا بەرواری**:- لە نوسەرە دیارەکانی گۆڤاری "ئامانج" بونە، کەوا لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەشاری بەغدا دەرچوە. ژمارە (١)ی لەکانونی دوەمی ساڵی ١٩٧٤ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (حەمە ساڵح فەرهادی، ١٩٨٨، ل٩٠)، (سەعید، ٢٠٠٥، ل١٨١- ١٨٣). دەستەی نوسەران و بەڕێوەبەری دیار نیە، بەڵام لەنوسەرەکانی:- عەزیز شوان، حەسەن نەقشبەندی، عیسا غێدان، ساڵح کوردۆ ئەتروشی، کەمال غەمبار، د. ئەحمەد عوسمان، موحسین موسا بەرواری، د، کەمال مەزهەر، ئۆردیخانی جەلیل، شوکر مستەفا، مستەفا نەریمان، محی الدین شێخ مارف بەرزنجی، بونە (خەمبار، ٢٠١١، ل١٠٤-١٠٥).

- **هاشم حەسەن ئاکرەیی**:- خاوەنی ئیمتیازی "پاشکۆی عێراق"، پاشکۆی ڕۆژنامەی "العراق"ی عەرەبی بو. بەزمانی کوردی دەرچوە. سەرنوسەر: ساڵح حەیدەری، بوە. ژمارە (١)ی شانزە لاپەڕە بوەو لەڕێکەوتی ١٩٧٧/٣/٢٢ دەرچوە. (تەنیا، ٢٠١٣، ل٣٦).

- **د.نافع ئاکرەیی**:- خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری ڕۆژنامەی "بزاڤ" بوە، کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٨/١ لەشاری بەغدا دەرچوە. ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوەو هەفتەی جارێک بڵاوکراوەتەوە. جێگری سەرنوسەر: محەمەد سەلیم سوار و سکرتێری نوسین: موختار فایق بوە. دەستەی نوسەران:- (خالید حوسێن، ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ[viii]، حوسێن مستەفا عوسمان، جەمال سلێمانی)، بونە. (خەزنەدار، ٢٠١٨، ل١٨٠)، (تەنیا، ٢٠١٣، ل٢٢٦).

- **تیلی ئەمین**:- ژمارەیەکی زۆر لە شیعرو وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی ١٩٥٠ لەگوندی (کورە مارکی) لەدهۆک لەدایکبوە. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لەدهۆک تەواوکردوە. لەساڵی ١٩٧٦کۆلێژی یاسای و ڕامیاری لەبەشی یاسای زانکۆی بەغدا تەواوکردوە. سەرۆکی لقی دهۆکی یەکێتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

ئەدیب و نوسەرانی کورد بوە. یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (ما قلت و مالم اقل) لەساڵی ١٩٨١ نوسیوە. لەساڵی ١٩٩٢کتێبێکی رەخنەیی لەسەر دیوانی د. کامەران بەدرخان هەیە. (بابان، ٢٠٠٦، ل١٩٦).

- **فەریق عەقراوی:**- لەساڵی ١٩٢٣ لەدایکبوە. لە گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩- ١٩٤٩) کاری کردوەو بەرهەمی زۆری تێدا بڵاوکردۆتەوە. فەریق عەقراوی لە سەرەتای پەنجاکاندا رۆژنامەی "الایام"ی بڵاوکردۆتەوەو (٤٦) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

**دوەم:- لەنێو بڵاوکراوەو میدیا کوردییەکانی شاری سلێمانی، میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە دەرکردن و دامەزراندنیان هەبوە، لەوانە:-**

-**ساڵح یوسفی:**- سەرنوسەری گۆڤاری "ئەستێرە" بوە، کەوا گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بوەو پاشکۆی گۆڤاری "رۆژی کوردستان" بوە. لەشاری سلێمانی لەلایەن کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (١)ی لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ بە (٢٨) لاپەڕە دەرچوە. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل١٠٥-١٠٦)، (خەزنەدار، ٢٠١١، ل٩٩).

- **د.تاریق حەسەن ئامێدی:**- سەرنوسەری گۆڤاری "زانکۆ" بوە، کە گۆڤارێکی زانیاری گشتی بوە، لەشاری سلێمانی بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٧٥ دەرچوە. سکرتێری نوسینی، د. فاروق یەعقوب یوسفی بوە. ئەندامانی ئەو گۆڤارە بریتی بونە لە:- د. سەباح فەخری، د. محەمەد فەهمی ئەحمەد، د. فەساحەت حوسێن عەلی خان، د. موشتاق ئەحمەد، مامۆستا شەماڵ جەلال سائیب. (تەنیا، ٢٠١٣، ل٢٢)، (فەرهادی، ١٩٨٨، ل١٠٢).

- **هونەرمەند د. غازی عەبدوڵلا بامەڕنی:**- لە ساڵی ١٩٤٢ لەشارۆچکەی بامەڕنێ ی پارێزگای دهۆک لەدایکبوە. لە بەغدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواو کردوە. لەساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٧ لەشاری سلێمانی ژیاوەو کەسێکی بەکاریگەری شانۆگەری و دراما تەلەفزیۆنییە کوردییەکان بوە. دامەزرێنەرو ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانی بوە. هاتنی بۆ سلێمانی جوڵەیەکی بەرچاوی خستۆتە نێو شانۆی کوردی. یەکەم کاری دەرهێنانی غازی بامەڕنی لە ساڵی ١٩٧١ شانۆگەری (نرخی ئازادی) بوە، کە لە ساڵی ١٩٧٢دا لەتەلەفزیۆنی بەغدا وەک درامای تەلەفزیۆنی تۆمارکراوە. لە ساڵی ١٩٧٢دا کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری (داوی مەرگ) کردوە، هەر هەمان ساڵ کاری دەرهێنانی بۆ درامای تەلەفزیۆنی (من کێم؟) کردوە. لە ساڵی ١٩٧٣دا کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری (چاوی کوردستان) کردوەو شانۆگەری (کۆتایی زۆردار)ی دەرهێناوەو لەتەلەفزیۆنی بەغدا وەک درامایەکی تەلەفزیۆنی تۆمارکراوە. ساڵی ١٩٧٤ کاری دەرهێنانی بۆ درامای تەلەفزیۆنی (دزی زۆرزان) کردوە. تیپی نواندنی سلێمانی بەشانۆگەری (شاخەوانی مەزن) بەشداری لەیەکەم فستیڤاڵی شانۆی کوردی لەسەر شانۆی خولد کردوە، کە د. غازی بامەڕنی دەرهێنەری بوەو پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٧٥ کاری دەرهێنانی بۆ درامای تەلەفزیۆنی (فیلەکەی خاوەن شکۆ) کردوەو کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری (رێڕەوی گەل) کردوە. پاشان شانۆگەری (مانگرتن)ی دەرهێناوە. هەمو ئەم شانۆگەری و درامایانە لەو رۆژگارەدا دەنگدانەوەی گەورەیان هەبوە. ساڵی ١٩٧٦ کە تیپی نواندنی سلێمانی بەمەبەستی تۆمارکردنی (مانگرتن) وەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

درامایەکی تەلەفزیۆنی چۆتە کەرکوک، دەســـەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس داوایان لە د. غازی بامەڕنی (دەرهێنەر) کردوە:- "کاتێک کرێکارەکان ماندەگرن، دروشـمەکانی حزبی بەعس وەک وەحدەو حریەو ئیشـتراکیە لەکۆتایی دراماکەدا بوترێتەوە"، بەڵام غازی بامەڕنی هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەبوەو بەو پێشنیارە ڕازی نەبوە، لەگەڵ ئەوەی دو دیمەنی تۆمار کرابو، بەڵام بەو هۆیەوە وازی لێهێندراو تۆمارنەکرا. هەر ئەمە هۆکارێکی بەهێزبو، کەوای لە د. غازی بامەڕنی کرد، بەرەو هاندەران بڕوات. دواتر لە پاریسی وڵاتی فەرەنسا بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لەبواری شانۆدا بەدەست دەهێنێت. ژمارەیەک کتێب سـەبارەت بە ئەحمەدی خانی و دەروێشـی عەبدی و چیرۆکی عەیشـا بێتاری دەنوسـێت. د. غازی بامەڕنی لەسـاڵی ٢٠٠٨ دەگەڕێتەوە کوردسـتان و لەبەشـی شـانۆی کۆلیژی ئادابی زانکوی دهۆک دەبێتە مامۆسـتا. چەند کارێکی هونەری بەرهەم دەهێنێت، لەوانە:- شانۆگەری (مەمو زین)ی دەرهێناوە. لەکۆتایی ساڵی ٢٠٢١ لەپاریس بۆدواجار ماڵئاوایی دەکات.

**سێیەم:- لەنێو بڵاوکراوەو میدیا کوردییەکانی شاری هەولێر، میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە دەرکردن و دامەزراندنیان هەبوە، لەوانە ئاماژە بۆ دیارترینیان دەکەین:-**

- **د. بەدرخان سـندی**:- گۆڤاری "چیا"، کە گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشـنبیری کۆمەڵایەتی بوە، لە شـاری هەولێر دەرچوە. ژمارەی (١)ی لە تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٧٠ دەرچوە. لەچاپخانەی شارەوانی کەرکوک چاپ کراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارە (١)ی (٢٨) لاپەڕە بوە. لەسـەروتاری گۆڤاری "چیا"، بەدرخان سـندی وتارێکی بەناونیشـانی (ئەدەبی کوردی و ڕۆشـنبیری کوردی بەلەهجەی کرمانجی) نوسـیوە. ژمارەی دوی گۆڤاری "چیا"ی لە شاری دهۆک لە ڕێکەوتی ١٩٧١/٢/١دەرکردوە، ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارە (٢)ی گۆڤاری "چیا"، (٧٨) لاپەڕە بوە. (ئەنوەر، ٢٠١٢، ١٥٧)، (علی، ١٩٨٨، ل٩٨-١٠١).

د.بەدرخان سندی لە ساڵی ١٩٤٣ لە زاخۆ لەدایکبوە. ساڵی ١٩٦٦ کۆلیژی پەروەردەو زانستی دەرونی لە بەغدا خوێندوە. ساڵی ١٩٧٩ دکتۆرای لە دەرونناسی پەروەردەیی لە زانکۆی ویلز لەبەریتانیا تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی بەرائەت ئیختراع، لەبارەی ئامێرو شێوەی فێرکردنی نابینایان بەدەست دەهێنێت. بڕوانامەیەک لەلایەن یەکێتی جیهانی ڕاگەیاندن لە لەندەن وەکو یەکێک لەهەرە شـارەزاو نوسـەران لەبواری بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و گەشـەسـەندنی دوارۆژو ڕوبەڕوبونەوەی زوڵم و سـتەمکاری بەدەسـت دەهێنێت. هەروەها لە سـاڵی ١٩٩٤ دەبێتە پرۆفیسـۆر. لە سـاڵی ١٩٧٠ بە سـەرۆکی یەکێتی نوسـەرانی کورد لە هەولێر هەڵبژێردراوە. لە سـاڵی ١٩٨٣- ١٩٨٦، ئەندامی یەکێتی نوسـەرانی عێراقی بوە، ئەمینداری گشـتی کاروباری دەرەوەو ئەندامی یەکێتی نوسـینگەی جێبەجێکردن بوە. لە سـاڵی ١٩٨٥-١٩٩٠ ئەندامی دەسـتەی نوسـەرانی گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" بوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ لە بەغدا، سەرنوسەری ڕۆژنامەی "التآخي" بوە. ئەندامی دەستەی نوسەران و ڕاوێژکاری گۆڤاری "ئەنفال لەکوردسـتان" بوە. لەسـاڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤ لەرادیۆ، ڕاوێژکاری پرۆگرامەکانی منداڵان بوە. لە پرۆگرامێکی ناسراوی ڕادیۆی عێراقی (حذار من الياس)، ڕاوێژکار بوە.

د. بەدرخان سـندی:- بەسـەدان وتاری لەبواری سـیاسـەت و ئەدەب و کۆمەڵگەو مێژو، لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە کوردی و عەرەبیەکانـدا بڵاوکردۆتەوە. چەنـدین لێکۆڵینەوەی زانسـتی لە گۆڤـارە ئەکـادیمی و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

زانکۆییەکان دەربارەی زانستی دەروناسی و زمانەوانی و ئەدەبی کوردی و سیاسەت و ڕاگەیاندن، بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ١٩٩٦ بەهۆکاری بیری نەتەوایەتی لەبەغدا زیندانی دەکرێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی بەغدا، ئاگاداری دەکەنەوە کەوا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوە. پاشان بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێت و دوای هەشت ساڵ زیندانی، دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە.

- **د.نافع ئاکرەیی**:- سکرتێری نوسینی گۆڤاری "تەندروستی و کۆمەڵ" بوە، کەوا لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧ دەرچوە. گۆڤارێکی مانگانەی تەندروستی گشتی بوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن ئەمینداریەتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی دەرچوە. سەرنوسەری ئەم گۆڤارە، د. نیهاد ئەبتەرو جێگری سەرنوسەرەکەی، بەهجەت عیزەت جاف بوە. سکرتێری نوسینی د.نافع ئاکرەیی بوە. (تەنیا، ٢٠١٣، ل١٩٧).

د.نافع ئاکرەیی لەساڵی ١٩٤٤ لەشاری ئاکرێ لەدایکبوە. پزیشک و نوسەرو شاعیر بوە. لەساڵی ١٩٦٨ کۆلێژی پزیشکی لەموسل تەواو دەکات. لەشاری هەولێر کاری پزیشکی دەکات. سەرنوسەری گۆڤاری "تەندروستی و کۆمەڵ" بوە، کە گۆڤارێکی مانگانەی کوردی بوە. هەروەها سەرۆکی نوسینی ڕۆژنامەی "برزاڤ" بوە. لەدو خولدا سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کورد بوە. شیعرو چیرۆک و شانۆگەری و وتاری زۆری بڵاوکردۆتەوە. لەبڵاوکراوەکانی:- (توێژینەوەیەک لەبارەی ئەدیبانی بادینان) بەزمانی کوردی لەساڵی ١٩٧٦، (شێخی سەنعان)، (شانۆگەری بەکوردی) ساڵی ١٩٧٧، (چیرۆک بەکوردی) ساڵی ١٩٧٩، (ئەدەبی بەرگری ئێرانی) بەزمانی عەرەبی، بوە. لەساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی دەکات. (بابان، ٢٠٠٦، ل٨٣٤- ٨٣٥).

**چوارەم:- لەنێو بڵاوکراوەو میدیا کوردییەکانی شاری کەرکوک، میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە دەرکردن و دامەزراندنیان هەبوە، لەوانە:-**

ژمارەیەک نوسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنوس و شاعیر، لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەوکاتەی کەرکوک، ڕۆڵیان هەبوە، کە هەندێکیان نوسەرانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک بونە:-

ئەحمەد غەفور، جەبار جەباری، حوسێن عارف، حەسەن جاف، حەمید عوسمان، حەمەی مەلا کەریم، دانیاڵ داود بنیامین، زوهدی داودی، سدیق بلوکێنی، سوعاد عزەت ئەرسەلان، سیروان حاجی ئەمین، سەمەد خانەقا، شێخ ستار، شێخ مارف بەرزنجی، عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، عوسمان خۆشناو، عەبدولقادر بەرزنجی، عەبدولقادر سەلام، عەبدوڵلا سەراج، عەتا تەرزی باشی، عەزیز محەمەد، عەلی باپیر ئاغا، قادر مەلا عومەر، کەمال نامیق، لەتیف هەڵمەت، محەمەد مەردان قەڵەمچی، مەحمود عوبێدی، مەعروف خەزنەدار، نازم وەنداوی، نافع یونس، بونە. هەروەها بەر لەوکاتانە، لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کەرکوک، هەندێکی تر لەنوسەران و ڕوناکبیرانی کورد، ڕۆڵیان هەبوە، لەوانە: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، مستەفا نەریمان، ڕەفیق حیلمی، سەمەد خانەقا...هتد، بونە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

**پێنجەم:- لەنێو کەناڵەکانی ڕادیۆ و بەشـــی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکوک، میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردن و دامەزراندنیان هەبوە، لەوانە:-**

- **عەبدولحەمید ئەتروشی**:- یەکێک بوە لە دەستەی بەڕێوەبەرانی بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا. لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/١١/١٩ بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا دەستی پێکرد، لە سەرەتادا بەشی کوردی، تەنها بەشێک بوە لە ئێستگەی بەغدا، دواتر ماوەیەکی وەک ڕادیۆیەک لەنێو ڕادیۆی (ئێستگەی بەغدا) بەسەربەخۆیی بۆ تەرخانکرا. ئەم ڕادیۆیە، یەکەمین ڕادیۆی کوردی بو، لەسـەر ئاسـتی عێراق. سـەرەتا وەک بەشـی کوردی بو، دواتر بو بە ڕادیۆیەکی کوردی سـەربەخۆ لەشـاری بەغدا. یەکەمین بەڕێوەبەرو یەکەمین بێژەری بەشـی کوردی ڕادیۆی بەغدا، کامیل کاکەئەمین بوە. هەروەها (ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد ئەمین زەگی بەگ، تۆفیق وەهبی، عەبدولقادر قەزاز، کەریم زانستی، عەبدولحەمید ئەتروشی، جەمال بابان)، لەگەڵ ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی بەغدا و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد، لە بەڕێوەبەردن و پەخش و بەرنامەو ناوەڕۆکی ئەم ڕادیۆیەدا بەشداربون. کامیل کاکەمین، ١٩ سـاڵ بەڕێوەبەری ڕادیۆکە بوەو دواتر لە بەڕێوەبەرێتی ڕادیۆ لادراو ئەفسـەرێکی کورد بەناوی (زەعیم وەحید حوسێن بامەڕنی) داندرا.

لەو هونەرمەنـدانەی کە لەو سـەردەمەدا، بەرهەمەکـانیـان بڵاودەکرایەوە:- عەلی مەردان، محەمەد عـارف جەزراوی، حەسەن جەزراوی، تایەر تۆفیق، ڕەسول گەردی، حەسەن زیرەک، کاوێس ئاغا، مەلا کەریم، سەید عەلی ئەسـغەری کوردسـتانی، سـێوە...هتد. هەروەها لەژنانی گۆرانیبێژ:- دایکی جەمال، مریەم خان، نازدارو ئەسمەر فەرهاد، نەسرین شێروان...هتد. (ڕۆژنامەنوسان، ٢٠٠٢، ل٥ – ٨).

لە نێو ئەو ڕادیۆیەدا، لەسـاڵی ١٩٤٥ ژنی گۆرانی بێژ بۆ ئاهەنگی زیندو، زیاتر هاتۆتە پێش لەوانە (ئەڵماس محەمەد، فەوزیە محەمەد، نەسرین شێروان، لەیلا عزیز، نازدارو ئەسمەر فەرهاد، خۆخێ موساو ماریی موسا، ئەختەر سـاڵح، دۆتمام بەبادینی سـترانی وتوەو بە بنت عمي ناوی هاتوە، پەخشـان و ژیان و گەلاوێژ)، لەشـارەکانی کوردسـتان ئەوکاتانە زۆر ئافرەتی دەنگ خۆش هەبون، بەڵام لەبەر داب و نەریت ڕێگایان پێنەدراوە.

- **محەمەد سـەلیم سـواری**:- لە سـاڵی ١٩٧٤ تاوەکو ١٩٩٢لەبەغدا بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی بوە.جێگری سـەرنوسـەری ڕۆژنامەی "بزاڤ" بوە کە لە سـاڵی ١٩٨٩ لەبەغدا دەرچوە. محەمەد سـەلیم سـواری، لەسـاڵی ١٩٥١ لە گوندی (سوار) لە ناحیەی سەرسـەنگ لە پارێزگای دهۆک لەدایکبوە. خوێندنی سـەرەتایی و ئامادەیی لە شـاری موسـل تەواو دەکات. لە سـاڵی ١٩٧٧ بەشـی مەتماتیکی کۆلێژی زانسـت لە زانکۆی موسـتەنسـریە لەشـاری بەغدا تەواو دەکات. ئەزمونی لەبواری ڕادیۆ و نوسـینی ڕادیۆیی هەبوە. ئەندامی دەسـتەی نوسـینی ژمارەیەک لەگۆڤارە کوردییەکان بوە. ژمارەیەک کتێبی شیعری هەیە. (بابان، ٢٠٠٦، ل٧١٠).

- عەبدولحەمید ئیمام، یەکێک بو لە ئەندامە سـەرەکییەکانی تیپی سـرودی مۆسـیقای بەشـی کوردی ڕادیۆی قاهیرە، کە تێدا سرودی نەتەوەیی کوردیان پێشکەش دەکرد. ئەندامانی ئەو تیپە:- عەبدولحەمید ئیمام (دهۆک)، سەفوەت بابان (سلێمانی)، فاتیح هەمەوەندی، عادل ساڵح موختار (هەولێر)، مستەفا شەریف (ماوەت)، کانەبی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

ئەنوەر دزەیی (هەولێر). پەخشـــی بەشـــی کوردی ڕادیۆی قاهیرە لە ڕێکەوتی ١٩٥٧/٦/١ دەســـتپێکرد. ڕادیۆی قاهیرە، بە چل زمان پەخشی هەبو، چلەمین زمانی، زمانی کوردی بوە، کە ڕوبەرێک لەماوەو کاتی بۆ پەخشی کوردی تەرخان کردبو، هەروەها ناوەرۆکێکی ئاراستەکراوی هەبو. (ئەمین، ژمارە ٢، ٢٠٠٢، ل١٣).

- **جەلال ئەتروشی و نوری ئەتروشی و محەمەد ساڵح ئاکرەیی**:- ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٦٣ دامەزرا، ئەم ڕادیۆیە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی نهێنی پەخشی دەکرد و لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردســتاندا بو. بەرنامەکانی بەوتەیەکی بارزانی پەخش دەکرد، کەتیایدا داوای یەکرِیزی گەلی کوردو برایەتی کوردو عەرەبی کردوە. ســەردەمانێک ســەیدا ســاڵح یوســفی بەرپرســی ڕاگەیاندن بوە، هەروەها لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، جەلال ئەتروشی و نوری ئەتروشی و محەمەد ساڵح ئاکرەیی، بەرپرســـی ئەم ڕادیۆیە بونە، هەروەها چەندین ئەدیب و هونەرمەندو نوســـەری دەڤەری بادینان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی ئەم ڕادیۆیەدا، کاریان تێدا کردوە.

- **کاروان ئاکرەیی**:- یەکێک بوە لە ستافە ســەرەکییەکانی (ئێســتگەی دەنگی گەلی عێراق)، کە لەســاڵی ١٩٨٢ لەنۆکان لەناوچەی ناوزەنگ پەخشـــی دەســـت پێکرد. ســـتافی ســـەرەکی ســـەرەتای کارکردنی ئەم ڕادیۆیە:- محەمەد ڕەنجاو، ڕەفیق سابیر، کاروان ئاکرەیی، بون.

- **هەوار ناوێک کەوا خەڵکی شاری دهۆک** بوە، لە ڕادیۆی (دەنگی شۆڕشی کوردستانی عێراق) کاری دەکرد، ئەم ئێستگەیە لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٩/١٥ لەلایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستان دامەزرا. سەرەتا بارەگاکەی لەگوندی زێوکەی بناری چیای قەندیل بو، پاشـــان بۆ گوندی کاولان و دواتر بۆ گوندی نۆکان گواســـترایەوە. بەڕێوەبەرەکانی ئەم ڕادیۆیە تاساڵی ١٩٩١:- مامۆستا سەعد عەبدوڵلا، عادل موراد، ئاسۆ حەسەن، بونە. ناوی ژمارەیەک لەو کەسانەی کەوا لەم ڕادیۆیەدا کاریان دەکرد:- مامۆستا ساڵح خەڵکی شاری کەرکوک، بابا عەلی خەڵکی شـاری سـلێمانی، هەوار خەڵکی شـاری دهۆک، هونەر خەڵکی شـاری هەولێر، جەودەت خەڵکی شـاری هەولێر، د. زیرەک، د. مارف عومەر گوڵ، عەبدوڵلا خەڵکی قەرەداغ، بون.

- **کامێران ڕەشید بەرواری**:- یەکێک بو لە کارمەندانی (ئێزگەی کوردستانی شۆڕش). ئەم ڕادیۆیە لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٥/٢٨ لەلایەن پارتی گەل دامەزرا. لەدوای ڕاپەرینی ســاڵی ١٩٩١ بارەگای ڕادیۆی کوردســتانی شــۆڕش بۆ ســپیلک - خەلیفان گواســترایەوە. لەســاڵی ١٩٩٣ پەخشــی ئەم ڕادیۆیە دەوەســتێت. ســالم ئەحمەد عەزیز، بێژەری بەشـــە کوردیەکە بوە. هەروەها کەریم چۆلی و هۆشـــەنگ مەلا حوســـێن و فەهمی، بێژەری بەشـــی کرمانجی (زاراوەی بادینان) بون.

- **هونەرمەندو میدیاکارانی دەڤەری بادینان**، ڕۆڵی دیاریان لە بەشـــی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکوک هەبوە. لەســـاڵی ١٩٦٧ کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوک کرایەوە. تەلەفزیۆنی کوردی کەرکوک، تاوەکو ســـاڵی ١٩٩١ بەســـەدان گۆرانی کوردی و دەیان دراماو تەمســـیلی کوردی و هەزاران بەرنامەی جۆراوجۆری پێشـــکەش کردوە. چەندین هونەرمەندی بەتوناو ناوداری تێدا گۆرانیان پێشـکەش کردوە، لەوانە:- شـەماڵ سـائیب، عەلی مەردان، نەسـرین شـێروان، تاهیر تۆفیق، محەمەد عارف جزیری، ئایشـە شـان، عومەر دزەیی...هتد. هەروەها



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

چەندین تیپی هونەری لەشارەکانی تری کوردستان، بە بەرهەمەکانیان کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی کەرکوکیان دەوڵەمەند کردبو، لە تیپەکانی:- تیپی باواجی کۆیە، تیپی هونەری هەولێر، تیپی زانکۆی سلێمانی، تیپی سۆلاڤ و هونەرمەندانی شاری کەرکوک. هەروەها هونەرمەندان و ئەدیب و نوسەران و ڕۆشنبیران و میدیاکاران و ڕۆژنامەنوسانی کوردی کەتێیدا کاریان کردوە، وەک:- د. بەدرخان سندی، مەعروف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار، سەعید زەنگەنە، عزەدین مستەفا ڕەسول، شەونم عادل، عەبدوڵلا عەباس، نیشتیمان عومەر، هاشم عەلی مەندی، ئیبراهیم سەلمان، کەمال ڕەئوف محەمەد، ئیحسان فوئاد، سادق بەهائەدین، کاوێس قەفتان.

**شەشەم:- لەنێو بڵاوکراوەو میدیا کوردی و نهێنیەکانی شاخ و قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی، میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە دەرکردن و دامەزراندنیان هەبوە، لەوانە:-**

-**مەجید ئەترۆشی**:- یەکێک بو لە نوسەرە دیارەکانی گۆڤاری "سەفین"، کە گۆڤارێکی سیاسی بوە، لەلایەن لقی دوی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (١)ی لەمانگی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٦٧ بە هەشت لاپەڕە، بەسەرپەرشتی محەمەدی مەلا قادر بەنهێنی دەرچو. (گەوهەری، ٢٠١٩)، (تەنیا، ٢٠١٣، ل٨٥)، (ڕۆژبەیانی، ١٩٩٦، ل٣٧ – ٣٨، ٩٠).

- **ڕەئوف ئاکرەیی**:- یەکێک بوە لە نوسەرە دیارەکان و لەچەندین ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤار ڕۆڵی سەرەکی هەبوە، لەوانە بڵاوکراوەی "تێکۆشان"، کە لەلایەن ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان لەساڵی ١٩٧٨ لەشاری سلێمانی بەنهێنی بڵاودەکرایەوەو دواتر لە شاخ دەرچو. (تەنیا، ٢٠١٣، ل٥٤-٥٥).

- **شیرین ئامێدی**:- خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "دەنگی ئافرەت"، بوە، کە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٦ دەرچوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان – عێراق، لقی ئاوارە بون، بەزمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە. لەدوای ڕاپەڕین دەرچۆتەوەو بۆتە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. هەروەها هەر لەم گۆڤارەدا چەندین قەڵەمی ئافرەتان تێدا دەرکەوتون، لەوانە:- نەزیرە بامەڕنی، زەکیە بەرواری، هێرۆ بەرزنجی، سەبیحە بارزانی، سنۆبەر سابیر، چیمەن قادر بەنا. (تەنیا، ٢٠١٣، ل١٧٦-١٧٧).

- **سەربەست بامەڕنی**:- لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٥ پێشنیاری ناوی ڕۆژنامەی "ڕزگاری"، کردوە، کە دەنگی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بوە. ئەم ڕۆژنامەیە بەزمانی کوردی لەشاخ بڵاوکراوەتەوە. ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم ڕۆژنامەیان کردوە: د. فوئاد مەعسوم، د. خدر مەعسوم بونە. هەروەها مەحمود خۆشناو، سەرپەرشتی کارە هونەرییەکانی کردوە. هەروەها سەربەست بامەڕنی و سیار بامەڕنی لەگەڵ چەندین نوسەری تر لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتیان تێدا بڵاودەکردەوە. (برایم، ٢٠١١، ١٣٧،٣٥،٣٤).

- **بەرۆژ ئاکرەیی و ئیدریس چەلکی**:- لەدەستەی نوسەرانی گۆڤاری "بانگ"، بونە، کە گۆڤارێکی تایبەت بە هەواڵ و چالاکی ڕۆشنبیری بوە، لەلایەن کۆمەڵەی نوسەرانی کوردستان بەزمانی کوردی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩بڵاوکراوەتەوەو سەرنوسەر فەلەکەدین کاکەیی بو. (تەنیا، ٢٠١٣، ل٢٣٠ – ٢٣١)، (خەزنەدار، ٢٠١٨، ل١٧٥ – ١٧٦).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

هەروەها ژمارەیەک قەڵەم و نوســـەرو ئەدیبی تری دەڤەری بادینان، لە نێوان ســـاڵانی ١٩٥٠ – ١٩٩١هەبون، لەوانە:-

**ئەنوەر مائی**:- ڕۆژنامەی "راســـتی-الحقیقة"، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشـــایەتی لە عێراق، بەهەردو زمانی کوردی و عەرەبی بەهاوکاری پارێزەر جرجیس فتح الله لە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن ئەنوەر مائی، لە شاری موسڵ، ئەم ڕۆژنامەیە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (بابان، ٢٠٠٦، ل١٤٤).

مەلا ئەنوەری کوڕی شـــێخ محەمەد تاهیر مائیە. لە گوندی مایی یان مائی لە پارێزگای دهۆک لەدایکبوە. خوێندنی ســـەرەتایی لە گوندی بامەڕنی و دواتر خوێندنی ئاینی تەواو دەکات. بەتوانای خۆی هەوڵی ڕۆشـــنبیرکردنی خۆی داوە. مێژوی کوردی و عێراقی و دیوانی شـــاعیرەکانی وەک (خانی و هەریری و فەقێی تەیران)ی دەخوێندەوە. بەهۆی ئازادی ڕایەکانی، چەندینجار ڕوبەڕوی دورخستنەوەو ڕاگواستن و زیندانیکردن بۆتەوە. چەندین وتاری ئەدەبی و ســـیاســـی لەبارەی کورد لەرۆژنامەو بڵاوکراوە کوردی و عەرەبیەکاندا بڵاوکردۆتەوە. لەبڵاوکراوە چاپکراوەکانی ئەنوەر مائی:- (الاکراد في بهدینان). هەروەها لەبڵاوکراوە چاپ نەکراوەکانی:- دیوان شـــعره، الدولة الایوبیة، الاکراد في التاریخ، قصـــة بعنوان الزنبقة البیضـــاء، کراس بعنوان همجیة الحکام الاتراک في التاریخ. لەساڵی ١٩٥٩ بە وەفدێکی میللی فەرمی دەچێتە وڵاتی کۆماری چین. ئەنوەر مائی لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٦/٢٢ بەهۆی بوردمانی فرۆکە لە گوندەکەی خۆی، شـــەهید دەبێت. (بابان، ٢٠٠٦، ١٤٣ – ١٤٤) .

– **جرجیس فتح الله**:- لەســـاڵی ١٩٢٠ لە شـــاری موســـل لەدایکبوە. بەشـــی ماف لەزانکۆ تەواو دەکات. جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆرباش زانیوە. گرنگی بەبواری یاســـایی و مێژویی دەدا. چەندین کتێبی هەیە، لەو کتێبانە:- کوردو تورک و عەرب (وەرگێران لە کتێبی ئەدمۆنس)، هەروەها کتێبی (کۆماری مەهاباد ١٩٤٦) لە ساڵی ١٩٧٢ نوسیوە.دواتر چۆتە سویدو لەستۆکهۆڵم ژیاوە. (بابان، ٢٠٠٦، ل٢٠٠).

– **خالید حوســـێن**:- لەســـاڵی ١٩٤٥ لە زاخۆ لەدایکبوە. خوێندنی ســـەرەتایی و ئامادەیی لەزاخۆ تەواو دەکات. دواتر پەیمانگەی ئامادەیی مامۆســـتایان تەواو دەکات. بەڕێوەبەری ڕۆشـــنبیری و جەماوەری دهۆک بوە. چەندین کتێبی وەرگێرانی هەیە، لەوانە:- دیوانی ئەحمەد ناڵبەند، بەشـــی یەکەم ١٩٧١. دیوانی ئەحمەد ناڵبەند، بەشی دوەم ١٩٧٢. گۆرانی هەڵپەرکێی کوردی، بەهاوبەشی ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ. سلاڤەک بۆ دەلالی کۆمەڵە شـــیعرێکە. بۆ مە گوتن، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆریە. دەروازەیەک بۆ فۆلکلۆری کوردی. پیلاســـبی، کۆمەڵە شعرێکە. سبێ و وی بێت، قەسیدەیەکی شیعریە. عێراقا خوشتڤی، کۆمەڵە شعرێکە. (بابان، ٢٠٠٦، ل٢٧٦).

– **سەبری بۆتانی**:- لە ساڵی ١٩٢٥ لە دهۆک لەدایکبوە. لەچلەکانی سەدەی ڕابردو، دو کتێبی بەناوی (شین و شـــادی، کۆمەڵە شـــیعرێکە لە ســـاڵی ١٩٧٩ و دڵســـتان، کۆمەڵە شـــیعرێکە لەســـاڵی ١٩٨٤) بڵاویکردونەتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە شـــیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندان کراونەتە گۆرانی. بابەتی ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوخۆییەکان بڵاوکردۆتەوە. کاری نوسەری لە ڕۆژنامەی "العراق" کردوە. ئەندامی یەکێتی ئەدیب و نوسەرانی عێراقی بوە. (بابان، ٢٠٠٦، ل٤١٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

- **سەلاحەدین محەمەد سەعدوڵڵا:**- لە ساڵی ١٩٣٠ لە زاخۆ لەدایکبوە. لە ساڵی ١٩٤٨ بەهۆکاری سیاسی دەگیرێت. ئامادەیی لە موسل خوێندوە. پاشان بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە ئەندازیاری میکانیک لە بۆرتسموث لە بەریتانیا بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە وڵات و لە پیشەسازی نەوت کار دەکات. لە ساڵی ١٩٩٣ بەهۆکاری تەمەن خانەنشین دەبێت. لەکاتی کارکردنی لەبواری نەوت، بەوەفد سەردانی زۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئەوروپییەکان و ئەمەریکای کردوە. لە بەریتانیا بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕای گشتی ئەوروپی، بەشداری لە لیژنەی کوردی لە ئەوروپا کردوە. لە ساڵی ١٩٥٨ کتێبێکی بەزمانی ئینگلیزی بەناوی (کوردستان: نیشتیمانێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بڵاوکردۆتەوە. کتێبی (کوردستان و جوڵانەوەی نیشتیمانی کوردی) بۆ زمانەکانی ئەلمانی و ڕوسی و عەرەبی وەرگێڕاوە. لە ساڵی ١٩٥٥ بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆز دەکات، کە بۆیەکەمجار لە لەندەنی بەریتانیا ئەنجامدراوە. هەر لەبەریتانیا سەرۆکی نوسینی گۆڤاری "کوردستان" بوە، کەوا لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا دەرچوە. لە ساڵی ١٩٤٦ لەزاخۆ کۆمەڵەی لاوانی کوردی دروستکردوە. لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداری لەدروستکردنی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی کردوە. ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئاشتی و هاوکاری عێراق بوە. لەدەستەی زمانی کوردی، ئەندامی دارشتنی زاراوەکانی کۆمەڵەی زانستی عێراقی بوە. لەکتێبە چاپکراوەکانی:- کوردستان بەزمانی ئینگلیزی ١٩٥٨ و بەزمانی عەرەبی ١٩٥٩. دوژمنانی ئیسرائیلی ١٩٦٧. دەربارەی زمانی کوردی. مەسەلەی کورد لە تورکیا ١٩٩١. فەرهەنگی سەلاحەدین، ئینگلیزی - کوردی ١٩٩٨. مەسەلەی نەتەوەیی لە عێراق ٢٠٠٢. هەروەها ژمارەیەک کتێبی لەئینگلیزی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە. ژمارەیەک کتێبی لەزمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. چەندین کتێبی لە کوردی بۆ زمانی عەرەبی و لەعەرەبی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. (بابان، ٢٠٠٦، ل٤٢٦ - ٤٢٩).

## دەرئەنجامەکان

١-دهۆکی بادینان بە بەراورد بە شارەکانی تری باشوری کوردستان، درەنگتر چاپخانەی پێگەیشتوە، کە هۆکارێکە بۆ درەنگ سەرهەڵدانی چاپەمەنی و بڵاوکراوەی کوردی لە دهۆکی بادینان.

٢-لەڕوی ژمارەوە دهۆکی بادینان لە سەرەتای سەرهەڵدانی چاپەمەنی و بڵاوکراوە ساڵی ١٩٥٠ تاوەکو ساڵی ١٩٩١، کەمترین بڵاوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامەی بەچاپ گەیاندوە.

٣-زاڵبونی شاری موسڵ لە ڕوی توانای چاپخانەوە، کاریگەری لەسەر دهۆکی بادینان هەبوە، کە بەشێک لەبڵاوکراوەکان بەزمانی عەرەبی دەربچن.

٤-بەهۆکاری جوگرافی دهۆکی بادینان لە شارەکانی تری باشوری کوردستان و ئاستەنگی هاتوچۆ، وای کردوە، دهۆکی بادینان کەمتر سودی لە چاپخانە خۆماڵییەکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکوک ببینێت، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٥٠ - ١٩٩١.

٥-ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکارانی بەتواناو ئەدیب و نوسەرو ڕۆژنامەنوسانی دهۆکی بادینان، لە شاری بەغداو شارەکانی تری باشوری کوردستان بونە، چ بەهۆکاری خوێندن بێت یاخود هۆکاری سیاسی و ژیان و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

کۆمەڵایەتی بێت. بەهەر هۆکارێک بوبێت، لە دەرەوەی دەڤەری بادینان نیشتەجێ بونەو لەو شوێن و ناوچەو شارانە بڵاوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامەیان دەرکردوە، یاخود لە دەستەی نوسەران بونە، یان ڕۆڵیان لە نوسین و بەڕێوەبردنی ژمارەیەکی زۆر لەو بڵاوکراوانە هەبوە.

٦-لە کەناڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، ئەدیب و هونەرمەندو میدیاکارانی دەڤەری بادینان، ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردن و کاری بێژەری و پێشکەشکارو ئامادەکردنی پڕۆگرامەکان هەبوە. واتا وزەو تواناکانیان لە دەرەوەی دەڤەری بادینان بو.

٧-ژمارەیەکی زۆری ئەدیب و هونەرمەندو ڕۆژنامەنوس و میدیاکارانی دەڤەری بادینان، لە خەباتی شاخ و نهێنی و ڕزگاری نیشتیمانیدا، ڕۆڵیان لەنێو کەناڵەکانی میدیا و ڕادیۆکان و بڵاوکراوەکاندا هەبوە، بۆیە کاریگەری کردۆتەوە سەر گەشەکردنی قۆناغی ئاشکرای میدیای کوردی لە دەڤەری بادینان.

٨-کەمی ئامادەیی ئەدیب و قەڵەم بەدەست و میدیاکارو ڕۆژنامەوانانی بادینان بوە. نەوەک نوسەران و میدیاکاران بەژمارە کەم بونە، بەڵکو بەگەلێک هۆکار شوێنی ژیان و نیشتەجێ بونیان لە شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان و ناوچەکانی عێراق و دەرەوەی کوردستان بوە. بۆیە دەرکەوتنی بەرهەمەکانی ئەدیب و میدیاکارانی بادینان، لەشوێن و ناوچەکانی دەرەوەی دەڤەری بادینان، دەرخەری ئەوەن، بادینان هەمان وزەو هێزی میدیای شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستانی هەبوە، بەڵام بەرهەم و خزمەتی بەشێکی زۆر لە میدیاکارانیان لەناوچەکانی تر دەرکەوتونە.

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان:

١- لە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەدا، پێشنیار دەکەم، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوانی دهۆک، لەرێگای جۆراو جۆر، دەرگای گفتوگۆ بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژوی میدیای دەڤەری بادینان، بکاتەوە.

٢- پێشنیار دەکەم، لێکۆڵینەوە لەو کەناڵ و بڵاوکراوەو میدیاکارو ڕۆژنامەنوسانەی دەڤەری بادینان بکرێت، کەوا لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان، هەبونەو هەیە.

٣- پێشنیار دەکەم، لێکۆڵینەوەی ورد لەلایەن لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، ئەنجام بدرێت، لەبارەی ڕۆڵی ئێستای میدیاکارانی دەڤەری بادینان لە ناوچەکانی دەرەوەی دەڤەری بادینان.

٤- هەروەها توێژەر، ئەوە بەدروست دەزانێت، ئەم بابەتە بخرێتە نێو کایە ڕۆشنبیری و ناوندە میدیایی و ئەکادیمییەکانی بادینان، تاوەکو ڕوناکی و زانیاری زیاتر لەوبارەیە دەست بکەوێت و بخرێتەڕو.

٥- توێژەر، بۆ توێژەرانی دەڤەری بادینان پێشنیار دەکات، کەوا لە هۆکارەکانی تری کەمی چاپەمەنی و کەناڵەکانی میدیا لە دەڤەری بادینان بکۆڵێدرێتەوە، هەم لە پێشترو هەم لە ئێستادا، کاتێک کە بەراورد بە شارەکانی تری باشوری کوردستان دەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Journalist's Role for the Development of the Kurdish Media in Bahdinan 1950 – 1991

**Saman Jalal Mawlood**
Media Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The research entitled (The Journalist's Role for the Development of the Kurdish media in Bahdinan 1950 - 1991). This research has examined several issues relating to the role of the media in Bahdinan between 1950 - 1991. Also about the lower level of the media in Bahdinan from 1950 - to 1991 compared with the other cities in south Kurdistan. One of the causes was that several Bahdinan journalists had roles outside Bahdinan. The research is a historical study and has used descriptive methodology. The research is important for journalists and media departments, also to understand of significant difficulties and problems of the Kurdish media and journalists in Bahdinan 1950 - 1991. In conclusion, the Bahdinan has had many journalists and writers from 1950 - to 1991 but most of them have had a role in media outside Bahdinan, not inside Bahdinan.

**Keywords**: Kurdish Media, Bahdinan Journalists, Bahdinan.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33**

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠١٣)، ڕۆژنامە لەکتێبدا، بەرگی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

ئەمین، نەوشێروان مستەفا (٢٠٠٢)، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی شیڤان.

ئەنوەر، عەبدوڵلا (٢٠١٢)، ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥ – ١٩٧٥، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

برایم، ڕەهبەر سەید (٢٠١١)، ڕزگاری دەنگی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

تەنیا، ئیسماعیل (٢٠١٣)، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

حسن، وصفی (٢٠١٢)، ڕۆژنامەگەر ل دەڤەرا بەهدینان، چاپی دوەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.

خەزنەدار، جەمال (٢٠١١)، ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ – ٢٠١٠، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

------- (٢٠١٨)، ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ – ٢٠١٥، بەرگی دوەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

سەعید، د. ئیسماعیل ئیبراهیم (٢٠٠٥)، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی بەغدا ١٩٧٠– ١٩٧٤ قۆناغێکی نوێ، بەغدا، چاپخانەی ایلاف.

فەرهادی، حەمە ساڵح (١٩٨٨)، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنوسی ی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

بابان، جمال (٢٠٠٥)، اعلام كرد العراق، الجزء الاول، السليمانية، مطبعة شفان.

بازرگان، صباح (٢٠١٢)، المرشد الى صحافة كركوك ١٩١١ – ٢٠١١، كركوك، مطبعة الشهيد ازاد هورامي.

علي، نزار جرجيس (١٩٨٨)، صحافة اربيل، بغداد. دار الثقافة النشر الكردية.

باڵایی، سەلام (٢٠١٢)، ڕۆژنامەگەریا دەڤەرا بادینان، گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، هەولێر.

----- (٢٠٠٠)، ڕۆژنامەگەری دەڤەرا بەهدینان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، هەولێر.

ئەمین، هۆزان (٢٠١٤)، نوسەر کەریم بەیانی بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە لە پارێزگای دهۆک، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٦٨٧١).

بامەڕنی، عەبدولرەحمان (٢٠١٦)، محەمەد عەلی یونس توقی. [ئۆنلاین]، لەسایتی: http://bamername.blogspot.com/2016/10/blog-post_68.html لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١٩ وەرگیراوە.

گەوهەری، حامد (٢٠١٩)، محەمەدی مەلا قادر کێ بو؟ [ئۆنلاین]، لەسایتی https://xebat.net/ku لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢ وەرگیراوە.

مەلاقەرە، جەمیل (٢٠١٨)، ڕادیۆی کوردی کرماشان ئەو دەنگە زوڵاڵە، [ئۆنلاین]، لەسایتی: https://knwe.org/?p=20784 لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢ وەرگیراوە.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

## پەراوێزەكان:

i . شاكر فەتاح ئەحمەد، لە ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایكبوە. كۆلێژی ماف لە بەغدا تەواو دەكات. بەڕێوەبەری ناحیەو پلەی سەرۆكی شارەوانی و قائیمقامی بینیوە. ساڵی ١٩٣٤ سكرتێرو جێگری سەرۆكی نوسینی گۆڤاری "دیاری لاوان" بوە. ساڵی ١٩٧٠ بۆتە جێگری سەرۆكی (یەكێتی نوسەرانی كورد). بەڕێوەبەری ناحیە بوە لەناحیەكانی:- مزوری باڵا لیوای موسل، زرباطیة لیوای كوت، قەرە حەسەن لیوای كەركوك، بێباز لیوای كەركوك، خۆرماڵ لیوای سلێمانی، قادركەرەم لیوای كەركوك. لەبەرسەركەوتویی لەكارەكانی، ئەركی قائیمقامیەتی لەچەند قەزایەک پێدرا، لەوانە:- قەزای هەڵەبجە لیوای سلێمانی، قەزای ڕانیە لیوای سلێمانی، قەزای شێخان لیوای موسل، قەزای عەقرە لیوای موسل، قەزای شەقلاوە لیوای هەولێر،قەزای زاخۆ لیوای موسل، قەزای چەمچەماڵ لیوای كەركوك، قەزای ناوەندی سلێمانی لیوای سلێمانی. لە ڕۆژنامەكانی "بانگی كوردستان"، "ڕۆژی كوردستان"، "ئومێدی ئیستقلال " و "بانگی حەق"، بابەت و نوسینی بڵاوكردۆتەوە. لەكاتی كاری قائیمقامێتی لە شارو شارۆچكەكانی كوردستان خەریكی دەركردنی ڕۆژنامە و شانۆگەری و كردنەوەی كتێبخانە بوە. لە ١٩٧١ لەوەزارەتی ناوخۆی عێراق دادەمەزرێت و پاشان لەشاری هەولێر لەكۆتایی ١٩٧٧ بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵدەبژێردرێت و لەڕێكەوتی ١٩٨٠/١١/١٥ خانەنشین دەبێت. دائیرەی ئەمنی سلێمانی، لە شەوی ١٩/١٨/ ئازاری ١٩٨٨، لەماڵەكەی خۆی دەیگرن و لە ١٩٨٨/٦/٢٧گوڵلەباران دەكرێت و لاشەكەیان بەمردویی لەشاری هەولێر دایەوە دەست خانەوادەكەی، لەگەڵ بەڵگەنامەی كۆچی دوایی بەژمارە ١٥٣٩ ڕێكەوتی ١٩٨٨/٦/٢٧،كە ئاماژە بەنەخۆشخانەی كۆماری هەولێر كرابو، بەڵام لەڕاستیدا لەژێر ئەشكەنجەدا پیاوانی بەعس كوشتبویان.

ii . عامر باهر اسمير حسن الحيالي، لە ١٩٧٨- ١٩٨٠ لەشاری دهۆک جێگری خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بوە. لە ١٩٩٦ بڕوانامەی دكتۆرا لەزمانی عەرەبی، لەزانكۆی موسل بەدەست دەهێنێت. لە ١٩٩٨ – ٢٠٠١ دەبێتە سەرۆكی بەشی پەروەردەی ئیسلامی لەكۆلێژی مامۆستایان لەزانكۆی موسل. لە ٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ دەبێتە جێگری ڕاگر لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانكۆی موسل. ئەندامی دەستەی زانستی و ڕاوێژكاری زۆربەی گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەكانە. ئەندامی دەستەی زانستی و ڕاوێژكاری گۆڤاری توێژەرە نێودەوڵەتییەكانە كە لەلایەن زانكۆی (الأغواط الجزائرية) دەردەچێت. سەرۆكی لێژنەی خوێندنی باڵایە لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانكۆی موسل و ئەندامی لێژنەی سەلامەتی و لێژنەی چاككردنی ئاستی زمانی عەرەبیە.

iii . كەریم جەمیل بیانی، لە ١٩٥٩ لە دهۆک لەدایكبوە. یەكێكە لەڕۆژنامەنوس و نوسەرە دیارەكانی دەڤەری بادینان. لە ١٩٧٩زانكۆی تەكنەلۆجی لە بەغدا تەواودەكات. هەر ئەوكاتە ئامادەكارو پێشكەشكاری بەرنامەیەكی هەفتانە بوە. لە ١٩٨٥ دەبێتە سەرپەرشتیارو سەرنوسەری گۆڤاری "دەنگێ مە". دواتر دەبێتە سكرتێری نوسینی ڕۆژنامەی "بۆتان"، كە لەدهۆک دەردەچو. لەگۆڤاری "هاڤیبون" (الاغتراب)، دەبێتە بەڕێوەبەری نوسین كە پرۆژەی لێكۆڵینەوە ی كوردی لە زانكۆی بەرلین دەریان دەكرد. لە ٢٠٠٥ لە ڕۆژنامەی "ئەڤرۆ" (اليوم)، ستونێكی هەفتانەی بەناوی (الصوت النائي) هەبوە. لە ١٩٨٧ لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند تیپی شانۆی بادینان دادەمەزرێنێت. دەچێتە ئەوروپاو لەگەڵ كۆمەڵەی ڕفەندی ڕۆشنبیری بەرلین كار دەكات. دواتر دەبێتە ئەندامی یەكێتی ئەدیبانی عێراق و یەكێتی ئەدیبانی كورد. ئەندامی لێژنەی باڵای هونەرمەندانی كوردستان بوە. لەدوای ١٩٩١ دەبێتە سەرۆكی لقی دهۆكی یەكێتی هونەرمەندان و بۆتە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک، دواتر بۆتە بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوكردنەوەی دهۆک. (هۆزان ئەمین،٢٠١٤).

iv . محەمەد عەلی یونس توڤی بامەڕنێ، لە ١٩٤٣ لە بامەڕنێ لەدایكبوە. لە ئەیلولی ١٩٥٨ پەیوەندی بەڕیزەكانی شۆڕش دەكات و دەبێتە ئەندامی یەكێتی قوتابیان و لاوانی دیموكراتی كوردستان. لەكۆنگرەی یەكێتی قوتابی و لاوانی دیموكراتی كوردستان، لە ١٩٦١/٣/٢٠ بەهەڵبژاردن بۆتە ئەندامی لێژنەی تەنفیزی باڵا. لە شەوی ١٩٦١/١٠/١١ بەشداری لەئازادكردنی زاخۆ دەكات و لە ١٩٦١/٩/٢١ لەلایەن حكومەتی عێراق دەست بەسەر دەكرێت و بۆ موسل و دواتر بۆ (ناسریە) دەگواسترێتەوە.. لە ١٩٦٤/٧/٢٣ ئازاد دەكرێت. لە ١٩٧٠ لە فەرماندەی ئامێدی دەبێتە فەرماندەی هێز. دوای نسكۆی ١٩٧٥ بۆ پارێزگای موسەننا ڕادەگواسترێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

له ١٩٧٧ بۆ بەڕێوەبەرایەتی دابەشكردنی كارەبای موسەننا دەگواسترێتەوە. لە ١٩٨٠ لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشكردنی كارەبای دهۆک دەوام دەكات. چەندین بابەتی ئەدەبی و سیاسی بڵاوكردۆتەوەو بەشداری دەیان ڤیستیڤاڵی كردوە. لەژمارەیەک ڕۆژنامە و بڵاوكراوەو گۆڤار بابەتی بڵاوكردۆتەوە:- گۆڤاری "پێشكەوتن"، گۆڤاری "روناهی"، ڕۆژنامەی "خەبات"، ڕۆژنامەی "التآخي"، گۆڤاری "شەمس كردستان"، ڕۆژنامەی "هاوكاری"، گۆڤاری "كاروان"، گۆڤاری "دەنگێ كوردستانێ"، بڵاوكراوەی "مەتین"، گۆڤاری "پەیڤ"، گۆڤاری "دهۆک". (عەبدولرەحمان بامەڕنی، ٢٠١٦).

٧ . تەیار سەلیم گەرماڤی، لە ١٩٦٣ لەنێو ئەشكەوتی گەرماڤی سەعید ئاغا، لەكاتی تۆپبارانكردنی دوژمن لەدایكبوە. لە ١٩٨١ بۆتە ئەندامێكی چالاكی ڕێكخستنە نهێنییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی قوتابیانی كوردستان. لە ١٩٨٢ بڕیاری دەستگیركردنی لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ دەردەچێت، بۆیە لەتەمەنی هەژدە ساڵی ڕاستەوخۆ دەچێتە ڕیزی شۆڕش و دەبێتە پێشمەرگە.لە ١٩٨٣ دەبێتە ئەندامی لقی یەكێتی قوتابیانی كوردستان. لە ١٩٨٦ لە (خنێرە) بەشداری لەكۆنفرانسی یەكێتی قوتابیان و لاوان دەكات و دەبێتە ئەندامی لێژنەی ڕاپەراندن و سەركردایەتی قوتابیان و لاوانی كوردستان، دواتر دەبێتە بەرپرسی لقی قوتابیانی دهۆک/ نەینەوا . لەنێوان ١٩٨٣ – ١٩٨٨ لەدەستەی بەڕێوەبردنی هەردو بڵاوكراوەی "مەتین" و "ڕێیا سەركەفتنێ" بوە. ئەندامی دەستەی ڕێكخستنی بڵاوكردنەوەی "مەتین" و بڵاوكردنەوەی "گازیا خوێندكارا" و بڵاوكردنەوەی "گازیا خوێندكارو لاوان"، بڵاوكردنەوەی "ڕێیا سەركەفتنێ" بوە، لە ١٩٨٨ كادری لێژنەی هۆشیاری و سەرپەرشتی قوتابی و لاوان بوەو بەشداری چەندین شەڕی دژ بەرژێمی بەعس كردوە، لەوانە شەڕی گەلی باڵندا، كە ڕژێم چەكی كیمیایی بەكارهێناو، ناوبراو چەند سەعاتێک بێهۆش بوە. لە ١٩٩٦ بۆتە بەرپرسی ڕێكخستنی لێژنەی ناوچەی دهۆک. لە ٢٠٠٣ بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە كۆلێژی یاسا و ڕامیاری لەزانكۆی دهۆک بەدەست دەهێنێت و بۆتە بەڕێوەبەری مافی مرۆڤ لە دهۆک. لە ٢٠٠٥، بۆتە كارگێری لقی ١٨ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ئامێدی. لە ٢٠٠٦ەوە دەبێتە كارگێری لقی ٢٠ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شێخان. لە ٢٠١٩ هەر لەشێخان دەبێتە بەرپرسی ڕێكخستنی لقی ٢٠ی پارتی دیموكراتی كوردستان.

vi . ئەدیب چەلكی، لە ١٩٥٧ لەگوندی چەلكی سەر بەقەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک لەدایكبوە. لە ١٩٨٢ كۆلێژی شەریعەی زانكۆی بەغدای تەواو كردوە. لە ١٩٨٢ لەلایەن ڕژێمی بەعس زیندانی كراوەو دوای ئازادبونی لە پایزی ١٩٨٢ دەچێتە ڕیزی شۆڕشی كوردی و لەوكاتەوە تا ئێستا پێشمەرگەیەو بەشداری چەندین چالاكی و كاری شۆڕشی كوردی كردوە. لەتەمموزی ١٩٩٥ چۆتە وڵاتی ئەلمانیاو لە٢٠١٠ بۆ كوردستان دەگەڕێتەوە. لە ١٩٧٩ دەست بەنوسینی هەڵبەستی كوردی كردوە. لە ١٩٨٠ تاوەكو ئێستا ئەندامی یەكێتی نوسەرانی كوردە. لەپایزی ١٩٩١ لەكۆنگرەی ڕاپەرینی شەقلاوە، بۆتە ئەندامی دەستەی گشتی بەڕێوەبردنی یەكێتی نوسەرانی كورد. لە ١٩٨٩ لەنێو شۆڕشی كوردی، یەكێک بوە لەدامەزرێنەرانی كۆمەڵەی نوسەرانی كوردستان. ژمارەیەكی زۆر نوسین و لێكۆڵینەوە بەزمانی كوردی و عەرەبی بڵاوكردۆتەوە. لە ١٩٨٩ یەكەمین دیوانی شیعری بەناوی (شەڤسترانێن زێ ی) بڵاوكردۆتەوە. یەكەمین ژمارەی هەفتەنامەی "پەیمان"ی لە ١٩٩٤/٧/١١ لە دهۆک بڵاوكردۆتەوە. ئەو دیوانانەی كە بەچاپی گەیاندون:- ( شەڤسترانێن زێ ی)، لەچاپخانەی شۆڕشی كوردستان لە ١٩٨٩ چاپكراوە. (دارا چل ئاواز) لەچاپخانەی هاوار لە دهۆک چاپكراوە. (پێلستانكێن كۆچەر) لەچاپخانەی گرین گولۆری لە بەیروتی لوبنان لە ٢٠١٦چاپكراوە. زیاتر لە (١٥٠) شیعری بۆتە گۆرانی هونەرمەندان . لەكارە بەناوبانگەكانی، (سرودا كردستان)، كە لەلایەن هونەرمەند زەكەریا عەبدوڵلا كراوەتە گۆرانی. شیعری (بەیتا لالش) لەلایەن هونەمەند حەسەن شەریف لە ٢٠٠٦ كراوەتە گۆرانی. هەروەها (كاروانێ پیرۆز) لەسەر كاروان دیرۆكی بارزانی نەمر نوسیوەو بەناوی دیوانی (دارا چل ئاواز) بڵاوكردۆتەوە. داستانی شێخ عبدالسلامی بارزانی، كە هونەرمەند ڕێكێش سەیرانی لە ٢٠١٢ كردویەتە گۆرانی. (سرودا پێشمەرگە)، مامۆستا دڵشاد سعید بۆ سەمفونی ئاوازی دانایەو لە تیپی سەمفونیای وڵاتی چیک لە پراگ ئاوازەكەی تۆماركراوە، كە هونەرمەند شڤان پەروەر لەگەڵ پێنج گۆرانیبێژ كردویانەتە گۆرانی . (سرودا شنگال)، مامۆستا دلشاد سعید بۆ سەمفونی ئاوازی داناوەو لە تیپی سەمفونیا وڵاتی چیک لە پراگ ئاوازەكە تۆماركراوەو كردویانەتە گۆرانی و بڵاویان كردۆتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33

vii . کامل الرکابي، لە ١٩٥٤ لە پارێزگای ناسریە لەدایکبوە. لەماوەی خوێندنی ناوەندی بەنهێنی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی خوێندکارانی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق دەکات. لە ١٩٧٣ – ١٩٧٥ پەیمانگەی تەکنەلۆجیا لە بەسرە تەواو دەکات. لە بەلێندەرایەتی ئاوەدانکردنەوە لە (الزبیر و آبي الخصیب و القرنة) بۆتە فەرمانبەر. لە ١٩٧٨ عێراق جێدەهێڵێت و دەچێتە وڵاتی جەزائیر، لەوێدا دەبێتە مامۆستا. لە ١٩٨٣ پەیوەندی بەهێزەکانی (الانصار) دەکات و لە ڕاگەیاندنی فەوجی یەک لەگەڵ هونەرمەند: آبو آیار و شاعیر: عبدالقادر البصري، آبو طالب، نوسەر: یوسف ابو الفوز، کار دەکەن. لە ١٩٨٦ چاپی کۆمەڵەی دوەم لەکارەکانی دەکات، کەبریتی بو لە چیرۆکێکی درێژ بەناوی (سورات الدم و النار)، کتێبێک بو دەربارەی (الانصار)، لەبارەی شەهیدانی شەڕی کانیکا لەکوردستان/ عێراق. لە ١٩٨٨ لەئاکامی کاریگەرییەکانی هێرش کردن بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان (شالاوی ئەنفال)، لەگەڵ هێزەکانی (الانصار) دەچێتە تورکیاو لەوێدا لە چادرگەی ئاوارەکان لە مێردین دەژی. پاشان بەنهێنی لەسنوری تورکیا بۆ وڵاتی سوریا دەپەڕێتەوەو لەوێدا کاری ڕۆژنامەگەری دەکات. کارەکانی لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە عێراقییەکاندا بڵاوکردۆتەوەو بەشداری لەزۆربەی بۆنە ئەدەبی و فیستیڤاڵە شعرییەکاندا کردوە.

viii . ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ، لەساڵی ١٩٤٤ لەشاری زاخۆ لەدایکبوە. کۆلێژی زمانی لەزانکۆی بەغدا تەواو کردوە. بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بوە. نوسەرو ڕۆژنامەنوسێکی دیاری دەڤەری بادینانە. کاندیدی لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بوەو لەخولی یەکەم بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper33